# ڕادەی بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بە بنەماکانی کلتوری ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا

(توێژینەوەیەکی شیکارییە لەسەر بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان لەهەرێمی کوردستاندا)

**هاوڕێ محمود رسول[1] - سەلام نصرالدين محمد[2]**

[1+2]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

بایەخی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی بە بوارە جیاوازەکانی ژیانسازی مرۆڤایەتی لەبونیادی کلتوری بەگشتی و کلتوری ژینگەیی بەتایبەتی پێگەی تایبەتی هەیە لە نێوکۆمەڵگادا، ئەمەش بۆ کاریگەری ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی دەگەڕێتەوە لەسەر تاک و کۆمەڵگا لە هەمو بوارە جیاوازەکانی ژیانسازی چ بەلایەنی ئەرێنی یان نەرێنی، هەربۆیە بایەخپێدانی زیاتری بەهەر لایەنێک واتای هەوڵی بونیادنان و پەرەپێدانی ئەو لایەنەیە لە کۆمەڵگادا. ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕادەی بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بە بنەماکانی بونیادی کلتوریی ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا، تاکو بزانرێت تاچ ڕادەیەک تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بایەخیان بەبنەما (مەعریفی) و (کۆمەڵایەتی) و (دامەزراوەیی)ەکانی بونیادی کلتوری ژینگەیی داوە، بۆ هەریەکە لەو بنەمایانەش ئەو بابەتانە دیاریدەکات کە وابەستەی هەریەک لەو بنەمایانەن و ڕادەی بابەخپێدانیان لەلایەن تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی هەرێمی کوردستان دیاریدەکات، بەئامانجی ئەوەی بتوانرێت ئەوە ڕونبکرێتەوە کە بەرهەمە میدیاییەکان چەند ناوەرۆکی جیاوازی ژینگەییان تیدایە و هەریەک لەو ناوەرۆکانە بایەخی بە چ بوار و بابەتێکی ژینگەیی داوە. توێژینەوەکە زانیارییەکانی لە ڕێگەی ڕێبازی شیکاری بەرهەمە میدیاییەکانی (چوار کەناڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی) لەماوەی (وەرزێکی تەلەڤیزیۆنی ٣ مانگ)یدا وەرگرتوەو بەرهەمە ژینگەییەکانی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەی بەسەر (سێ دەستە)دا دابەشکردوە و بۆهەر دەستەیەکیش چەند (یەکە)یەکی وابەستەی شیکارکردوە. دواجار توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێک گەیشتوە، لەگرنگترینیان ئەوەیە کە لەڕوانگەی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکانەوە ڕادەی بایەخی ژینگەیی لە ئاستێکی باشدایە بە هەڵسەنگاندنی چەندیەتی و جۆریەتی بەرهەمەکان بەجۆرێک کە لەماوەیەکی کەمی سنوری توێژینەوەکەدا کۆمەڵێک بەرهەمی زۆری ژینگەیی پەخشکراون، ئەگەرچی بە تەنها مەبەستی پەیوەستی ژینگەیی لە پەخشکردنی بەرهەمە ژینگەییەکاندا نەبوەو کەناڵەکان بە مەبەستی تر پەخشی ئەو بەرهەمە ژینگەییانەیان کردوە، بەڵام ئەو بەرهەمانە بونەتە کارتێکەری وەرگر لە بارەی بونیادی کلتوری ژینگەیی، هاوکات بونەتە کەرەستەی شیکاری توێژەریش.

**کلیلە وشـــــەکـان:** تەلەفزیۆنی دیجیتـاڵی، بـایەخپێدانی میدیایی، کلتور، ژینگە، کلتوری ژینگەیی.

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper34
**Received:** 04-July-2022
**Accepted:** 25-July-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
hawre.rasool@univsul.edu.iq
salam.mohammed@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

**پێشەکی:**

لەبونیادی کۆمەڵگا و کلتورە جیاوازەکانی ژیانســـــازیدا، ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی ئامرازێکی کاریگەرو دیاری نێو کۆمەڵگایە، بەتایبەت لە ئێســـتای پێشـــکەوتنە بەرچاوەکانی پرۆســـەی بەرهەمهێنانی میدیایی دیجیتاڵی و گەیاندنی پەیـامەکـانـدا، لەبەرئەوە بـایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتـاڵی وەک ئـامرازێکی گرنگی میـدیـای دیجیتـاڵی بەهەر پرۆسەیەک جێگەی کاریگەری و بایەخی تاکەکانە بۆ بونیادی هەر پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی.

(گەشـــەپێدان و پاراســـتن و هەســـتی بەرپرســـیارێتی) ژینگەیی، ئەو هەوڵ و کارانەیە کە حکومەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەهەمو شێوازێک لەغەمی بونیادنان و گەشەپێدانی هۆشیاری و ئاگایی خەڵکدان لەســەر ژینگەکەیان لەپێناو بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروســتدا، جێگەی ســەرنجەکە هەمو ئەو هەوڵ و کارانەش بەدەرنین لە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی و کارکردن لەســـــەر تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆ بونیادنانی کەلتورێکی وا کە لەئاست گرنگی ژینگەو بەهاکەیدا بێت.

هەر کات ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی و بەرهەمە میدیاییە دیجیتاڵییەکان لەڕوی ناوەڕۆک و چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بایەخی بەهەر بابەتێک دا، ئەوا کارکردن بۆ بونیادنانی ئەو بابەتە خێراتر و ئاســــانتر و باشـــتر دەبێت، لەم نێوەندەشدا بایەخپێدان بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی ئەرکی سەرەکی و لەپێشینەی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی دەبێت وەک ئامرازێکی میدیایی کاریگەر لەسەر کۆمەڵگا.

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا بە ئامانجی نیشـــــاندانی هەوڵەکانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆ گرنگیدان بە بابەتە جیاوازەکانی نێو بنەماکانی کلتوریی ژینگەیی، بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی (وەرزێکی تەلەڤیزیۆنی ســـێ مانگ)ی (چوار

كەناڵی تەلەڤیزیۆنی) وەک ســـامپڵی توێژینەوە وەرگرتوەو بە میتۆدی وەســـفی و گرتنەبەری ڕێبازی شـــیکاری زانیاریەکانی کۆکردۆتەوە و لەڕوی چەندیەتیەوە شیکاری ئەو بەرهەمانەی کردوە.

بەشـــی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە تەرخانكراوە بۆ لایەنی میتۆدی توێژینەوەکە و جگە لە کێشـــە و پرســـیارەکانی توێژینەوەکە و گرنگی توێژینەوەکە، کۆمەڵگا و ســـــامپڵی توێژینەوە و ئامرازەکانی وەرگرتنی زانیارییەکانی تێدا خراوەتەڕو، هاوکات توێژەر لە بەشـــی دوەمدا لەڕوی زانســـتییەوە باســـی لە ژینگە و کلتوری ژینگەیی کردوە، هەروەها چەمکی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی ناساندوەو تایبەتمەندییەکانی خستوەتەڕو، هاوکات هەمو بنەماکانی بونیادی کەلتوری ژینگەیی ڕاڤەکردوە.

بەشـی سـێیەمی توێژینەوەکەش لایەنی مەیدانی (کردەیی) لەخۆگرتوە کە کاری کردوە لەسـەر شـیکاری بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتـاڵییەکـانی پەیوەســـــت بەکلتوری ژینگەیی، لەمیـانەی وەرزی تەلەڤیزیۆنی ئـامـاژەپێدراوی سەرەوەدا، لە کۆتایشدا دەرەنجامی شیکاری ڕواڵەتی بەرهەمەکان و پێشنیار و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: لایەنی میتۆدیی توێژینەوەکە:

### یەکەم: کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە:

بایەخی ژینگە لەســـەر ژیانی تەواوی کۆمەڵگاو پێوســـتی ئاوێتەکردنی ویســـت و ڕەفتاری ژینگەدۆســـتی لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگا، بونە جێگەی ســـەرنجی توێژەرانی زانســـتی و ئامرازەکانی میدیای دیجیتاڵی بەگشـــتی، هاوکات بونی چالاکی مەدەنی ژینگەیی و هەوڵە خۆبەخشـــییە ژینگەییەکان لەبنەڕەتدا ڕەخســـاندنی زەمینەی لێکۆڵینەوەی زانســـتین، هەمو ئەمـانەش بۆ بەهـای ژینگە و گرنگی ئەو بـایەخـانە دەگەڕێتەوە کە میدیـای دیجیتـاڵی بە بواری ژینگەی دەدات، دواجار ئەمەش خزمەتە بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی لەکۆمەڵگادا.

لەو گۆشەنیگایەوە کەوا چاوەڕێ دەکرێت لە کەناڵە تەلەفیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان کە وەک دامەزراوەگەلێکی خاوەن هەژمون لە بونیادنانی کلتوری ژینگەییدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن، لەو ســـۆنگەوە کێشـــەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە ســـــەرچاوە دەگرێت کە بایەخدان بە ڕۆشـــنکردنەوەی ئەو گرنگیپێدانەی کەناڵە تەلەفیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان بە بونیادنانی بنەماکانی کلتوری ژینگەیی، تاچەند لە کۆمەڵگادا ڕەنگی داوەتەوە و هەســـتی پێدەکرێت، توێژەران ڕایانوایە کە تاکو ئێستا ئەو گرنگیپێدانە ژینگەییەی کەناڵە تەلەفیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستیدا لە هەرێمی کوردستاندا، ڕون نەکراوەتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە کێشـــەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرســـیارە ســـەرەکیەدا: ئایا ڕادەی بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بە بونیادی بنەماکانی کلتوریی ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا چەندە؟

هەروەها لەژێر سایەی ئەو پرسیارە سەرەکیەدا چەند پرسیارێکی تریش کە دەشێت بە پرسیاری لاوەکی توێژینەوەکە ناوببرێن، بریتین لە:

أ- ئایا بایەخپێدانی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان بە بابەتە ژینگەییەکان لە (چ ڕادەیەک) دایە؟

ب- ئایا بایەخپێدانی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان بەناوەرۆکە ژینگەییە جیاوازەکان لە (چ ڕادەیەک) دایە؟

پ- ئایا بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبونیادنانی بنەما (مەعریفی) و (کۆمەڵایەتی) و (دامەزراوەیی)ەکانی کلتوری ژینگەیی لە (چ ڕادەیەک) دایە؟

**سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

**١- گرنگی زانستی:** لەڕوانگەی زانستییەوە کرۆکی بایەخی توێژینەوەکە لە دەرخستنی ئاستی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیونی دیجیتاڵی بە بنەما مەعریفی و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیدا بەرجەستە دەبێت، ئەم بابەتەش زەمینەیەکی پێویست و نوێی کاری زانستییە و تاکو ئێستا بەشێوەیەکی ئەکادیمی کاری لەسەر نەکراوە.

**٢- گرنگی پراکتیکی:** لەگۆشەنیگای پراکتیکیشەوە توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەی دەرفەتی پێداچونەوەی میدیایی بۆ کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان دەڕەخسێنێت، هاوکات بە هۆی دەرئەنجامەکانیەوە کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە کلتوری ژینگەیی ڕون دەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێتە پاڵپشت بۆ دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان تاکو پلانی خۆی لەڕوی میدیاییەوە باشتر ڕێکبخات، هەروەها دەرئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە ئاستی کارلێکی جەماوەر لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی ڕون دەکاتەوە و کەناڵەکان بەهۆی تایبەتمەندییە دیجیتاڵیەکانیانەوە دەتوانن پەرە بە ئاستی ئەو کارلێکە بدەن.

**چوارەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:** لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

أ- خستنەڕوی ڕادەی بایەخپێدانی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان بە بابەتە ژینگەییەکان.

ب- زانینی ڕادەی چەندێتی بایەخپێدانی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان بە ناوەرۆکە ژینگەییە جیاوازەکان.

پ- زانینی ڕادەی چەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی) و (کۆمەڵایەتی) و (دامەزراوەیی)ەکانی کلتوری ژینگەیی.

**پێنجەم: جۆر و ڕێبازی بەکارهاتوی توێژینەوەکە:**

١. لە توێژینەوەکەدا توێژەران پشتیان بە میتۆدی وەسفی بەستوە، وەک یەکێک لەو میتۆدانەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە توێژینەوە میدیاییەکاندا، بەتایبەت ئەو بابەتە میدیاییانەی کە جەخت لەسەر دیاردە و ڕوداوە هەنوکەیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، لەو چوارچێوەیەدا توێژەران وەسفی گرنگیپێدانی تەلەڤیزۆنە دیجیتاڵییەکانیان کردوە لە میانەی خستنەڕوی ڕادەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ژینگەیی و گرنگیدانیان بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی لە کۆمەڵگادا.

٢. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا کاریان لەسەر ڕێکاری شیکاری ناوەڕۆک کردوە، تیادا شیکاریان بۆ خستنەڕوی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بە (بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ژینگەیی) و (بونیادنانی کلتوری ژینگەیی) لە کۆمەڵگادا کردوە، ئەمەش بە شـــێوازێکی توێژینەوە وەســـفکردنێکی بابەتیانەی ســـیســـتماتیکی چەندایەتیی بۆ پەیامی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی.

**شەشەم: ئامرازە بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکە:**

لە توێژینەوەکەدا توێژەران پشـــتیان بەفۆرمی شـــیکاری ناوەرۆک بەســـتوەو ئەم فۆرمەیان وەک ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە بەئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری و زانینی ڕادەی بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ژینگەیی و بونیادنانی بە کلتوری ژینگەیی لە هەرێمی کوردســـتاندا، ئەم فۆرمەش بەسەر (٦) دەستە و (٥٦) یەکەدا دابەشکراوە، لەم ڕێگەیەوە توێژەران لەڕوی ڕواڵەت و ڕادەی ناوەڕۆکە جیاوازە ژینگەییەکانەوە، شـــیکاریان بۆ کردوە، توێژەران ئەم ئامرازەیان بەکارهێنا، بەمەبەســـتی شـــیکردنەوەی وەســـفی ئەو بەرهەمە ژینگەییە ڤیدیۆییانەی کە لەکەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکانی هەرێمی کوردســـتانەوە بەرهەمهێنراون و بڵاوکراونەتەوە، ئەویش لە چوارچێوەی ئەو دەستانەی کە ناوەڕۆکی فۆرمەکەیان پێکهێناوە.

**حەوت: کۆمەڵگە و سامپڵی بەکارهاتو:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ســـەرجەم کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکانی هەرێمی کوردســـتان، توێژەران بابەتە ژینگەییەکانی هەر چوار کەناڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی (Rudaw web - Kurdsat web Tv - Gav Tv Halabja web Tv- Tv) لەماوەی وەرزێکی ســـێ مانگی پەخشـــی تەلەڤیزیۆنیدا لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٤/١) تاکو (٢٠٢٢/٦/٣٠) وەک سامپڵ وەرگرتوە، وەرگرتنی ئەو چوار کەناڵە پشت بەست بە فۆرمی سەرەتایی کۆکردنەوەی زانیاری پێشوەختە بوە.

**هەشتەم: سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەم سێ بوارەی خوارەوەدا:

- **بواری ماوە:** لەڕوی ماوەوە توێژەران وەرزێکی ســـێ مانگی پەخشـــی تەلەڤیزیۆنی کەناڵەکانی ســـامپڵی توێژینەوەیان وەرگرتوە کە لە (٢٠٢٢/٤/١) تاکو (٢٠٢٢/٦/٣٠) دەگرێتەوە.
- **بواری شـوێن:** شـوێنی سـەرەکی ئەم توێژینەوەیە، هەرێمی کوردسـتانی عێراقە – بەهەر چوار پارێزگاکەیەوە چونکە نوســـینگەی ئەو کەناڵە دیجیتاڵیانەی کە توێژەران وەک ســـامپڵی توێژینەوە هەڵیانبژاردون لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دان.
- **بواری بـابەت:** بـابەتی ســـەرەکی ئەم بـاســـەی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕادەی بـایەخپیـدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ژینگەیی تایبەت بە ژینگەو بونیادنانی بنەماکانی کلتوری ژینگەیی)، تەواوی بابەتە ژینگەییەکانی هەر چوار کەناڵ دەگرێتەوە کە وەک سامپڵ وەرگیراون.

هاوکات لەپیناوی باشـــتر هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا، توێژەران بە گونجاویان زانیوە کە بە شـــێوازی گشـتگیر (حصـر شـامل) شـیکاری چەندێتی بۆ سـەرجەم پەیامە ژینگەییەکانی هەر چوار کەناڵی ئاماژەپێدراوی سەرەوەدا لە ماوەی وەرزێکی تەلەڤیزیۆنی (٣) مانگی تەواودا، بکەن.

**نۆیەم: پێوەری ڕاســتی:** توێژەران بۆ دەرکردنی ڕاســتی ڕواڵەتی فۆرمێکی شــیکارییان ئامادەکردوە و پاشــان دابەشــیانکردوە بەســەر شــارەزایان و پســپۆڕانی بوارەکانی (میدیا و ژینگە و ئامار و کۆمەڵناســی و میتۆدی توێژینەوە)دا کە ژمارەیان (٩) پسپۆڕ بو[i] دوای ئەوەی فۆڕمەکە لەلایەن شارەزایان هەڵسەنگێندرا و هەریەکەیان بەنوسینی سەرنج و تێبینییەکانیان فۆرمەکەیان هەڵسەنگاند، پاشان فۆرمەکەیان بۆ توێژەران گەڕاندەوە، ئەنجام ئەوەی نیشاندا کە گونجاوە بۆ کارکردن، دواتر توێژەران سەرنج و تێبینیەکانی هەلسەنگینەرانیان بەهەند وەرگرت و لەســـەر بنەمای تێبینییەکان گۆڕانکاری پێویســـتیان لە فۆڕمەکەدا ئەنجامدا، لەدوای ئەنجامدانی کاری ئاماری دەرکەوت کە ڕێژەی ســـەدی پێوەری ڕاســـتی بۆ فۆڕمەکە بریتییە لە (٩٥.٤ %) کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە و گونجاوە بۆ کارکردن.

ڕاستی فۆڕم = ک. بڕگە گونجاوەکان – بڕگە نەگونجاوەکان ÷ ک. گشتی بڕگە گونجاوەکان ×١٠٠

= ١٨٤ – ١٥ ÷ ١٨٤ × ١٠٠ = ٩٥.٤

**دەیەم: ڕادەی جێگیری توێژینەوەکە :**

بەگرتنەبەری ڕێکاری خودی (pretest) تاقیکردنەوەی جێگیری لەگەڵ خود بۆ شـــیکاری زانیارییەکان و دوای تێپەڕبونی یەک مانگ لە شیکاری یەکەم توێژەر لە ٦% سامپڵی توێژینەوەکەی شیکارکردەوە بەهەمان تایبەتمەندی ســامپڵی توێژینەوەکە بۆ دڵنیایی لە جێگیری کە یەکێکە لە ئامرازەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پشــتیان بە دوبارە شـــیکاری زانیارییەکان بەســـتەوە کە لەکۆی ١٨٤ بڕگەی شـــیکاری تەنها ١٠ بڕگەیان وەرگرتەوە، لەڕێگەی هاوکۆلکەی (PearsonCorrelation)، دەرکەوت کە جێگیری (بێرسـۆن) ڕێژەیەکی بەرزی بەدەسـتهێنا بەڕێژەی (٠.٩٥) کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە لە ئاست ئاستی بەڵگەداری (٠).

**یانزەیەم: ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی چارەسەری ئاماری توێژینەوەکە، توێژەران بەرنامەی (SPSS)یان بەکارهێناوە، لەو ڕوانگەوە لە پێناو شیکردنەوەی داتاکان بەپێویستیان زانیوە، کە کۆمەڵێک شێواز و یاسای ئاماری بەکاربهێنن، وەک:-

- بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی (%) بۆ وەسفکردن و خستنەڕوی زانیاری ناو فۆڕمی شیکاری.
- ناوەندەژمێرەیی لە نێوان گۆڕاوی نێو دەستە شیکارییەکان بۆ زانینی نزیکبونەوەیان لە چەقی داتاکان و دیاریکردنی (پلەبەندی و ئاست)یان.
- لادانی پێوانەیی وەک پێوەرێکە بۆ بەراوردکردن و شیکاریی پێدراوەکان.

**دوانزەیەم: هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری ناوەڕۆک:** توێژینەوەکە بەمەبەستی شیکردنەوەی بەرهەمە ڤیدیۆییە ژینگەییەکانی تەلەفزیۆنییە دیجیتاڵییەکان و گرنگیدانیان بەبواری ژینگەو کلتوری ژینگەیی و دەرخستنی ڕێژەی گرنگیدان بەپێی بنەما (مەعریفی و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی)ە جیاوازەکان، پشتی بە ڕێکاری شیکاریی بەستوە.

**١. چەمکی شیکاری ناوەڕۆک:**

شیکاری ناوەڕۆک تەکنیکێکی ناڕاستەوخۆی پەیامە میدیاییەکانە بەشێوەی نوسراویان بیستراو یاخود بینراو وبیستراو لەلایەن تاکەکان یان گروپێکەوە بۆ ناوەڕۆکی پەیام و بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی خستنەڕوی ڕادەی گرنگی ئەو پەیامە بە بوارە جیاوازەکان، لە کۆتایدا بەشێوەیەکی ژمارەدار لە چوارچێوەی ئاماژە ئامارییەکان دەردەکەوێت.

لێرەدا بەمەبەستی شیکاری پەیامە ژینگەییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە توێژەران هەڵسان بە بەکارهێنانی شیکاری توێژینەوە بە ئامانجی شیکردنەوەی ئەو پەیامانەی کە ئامانجی توێژینەوەکەن، بەمەبەستی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی پەیام و ئەو بەرهەمە ڤیدیۆیانەی کە کەناڵە بینراوەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەکاتی ئاڕاستەکردنی پەیام و بابەتەکان بۆ چاو و گوێی بینەر بەرهەمیان هێناوە لەبواری ژینگەییدا.

**٢. دروستکردنی فۆڕمی شیکاری:**

ئەم ڕێکارەی توێژینەوەکە کە کارێکی پاشوەختەی شیکاریە، واتە فۆڕمێکی ئامادەکراو نییە بۆ ئەوەی توێژەران پشتی پێببەستن، بەڵکو دوای سەرنجی توێژەر و کاری شیکاری توێژەر بە ڕێکخستنی فۆرمێک گەیشتوە، هەربۆیە توێژەران بۆ دروستکردنی فۆڕمی توێژینەوەکەی سەیری تەواوی ئەو بابەت و بەرهەمانەیان کردوە کە سامپڵی توێژینەوەکەی پێکهێناوە و خۆی دەبینێتەوە لە وەرزێکی سێ مانگی پەخشی تەلەڤیزیۆنی (٢٠٢٢/٤/١) تاکو (٢٠٢٢/٦/٣٠)ی چوار کەناڵی دیاریکراو، بەمەش بەهۆی بابەت و بەرهەمەکانی پەیوەست بە ژینگە و کلتوری ژینگەییەوە توانراوە دەستە و یەکەکانی فۆڕمەکە دیاریبکرێن.

**٣. دەستەو یەکە شیکارییەکان:**

توێژەران بۆ کاری شیکاری نمونەی توێژینەوەکە سێ ئاستی پۆلێنکاریان بەکارهێناوە کە بریتین لە: (دەستە، یەکە، بڕگە) بەجۆرێک کە تەواوی کارەکەی بەسەر سێ دەستەی جیاوازدا پۆلێنکردوە کە پێکدێن لە (ڕادەی بەرهەمە پەیوەستەکان بە ژینگەوە لە هەر کەناڵێکی سامپڵی توێژینەوەکە لەو ماوەیەی کە توێژەران هەڵیانبژاردوە، دیاریکردنی ڕادەی ناوەرۆکی پەیوەست بە ژینگەی هەریەکە لە بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵیەکان، بنەماکانی بونیادی کلتوری ژینگەی) بۆ هەریەکە لەم دەستانەش توێژەران بەپێی پێویستی دەستەکان (یەکە)ی دیاریکردوە بەگوێرەی پێویستی (یەکە)کانیش (بڕگە)ی دیاریکردوە.

لەم توێژینەوەیەدا دەستە شیکارییەکان لەپێناو وەسفی پەیامە ژینگەییەکان لە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەدا و پەیوەستبون بە دابەشکردنی بابەت و ناوەڕۆکە ژینگەییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ چەند یەکەیەک، بە جۆرێک هەریەکەیان بۆ مەبەست و ئامانجێک بەکاردێت.

دەستەی (بەرهەمە پەیوەستەکان بە ژینگەوە) بەسەر چوار کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە وەک یەکەی ئەو دەستە دابەشکراون، هەروەها دەستەی (ناوەڕۆکی پەیوەست بە ژینگەی هەریەکە لە بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکان) بەسەر یەکەکانی (دیمەنی سروشتی، هوشیاری ژینگەیی، ڕۆژی ژینگە، ڕوداوی ژینگەیی، گەشەپێدانی ژینگەیی) دابەشکراوە، ئەمە جگەلەوەی دەستەی (بنەماکانی بونیادی کلتوری ژینگەی)ی دابەشکراوە بەسەر سێ یەکەدا کە بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی)ەکان لەخۆدەگرێت.

دابەشکردنی یەکەکانی شیکاریی ئەم توێژینەوەیەش بەسەر بڕگەکاندا تەنها هەریەک لە یەکەکانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) گرتۆتەوە کە پێوستی توێژینەوەکە بون بۆ شیکاری، هەریەکە لەو یەکانە بەسەر چەند بڕگەیەکدا دابەشبون کە بابەتەکانی ناوەرۆکی بەرهەمەکان لەخۆدەگرێت.

**سیانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشو:**

**یەک: خستنەڕوی توێژینەوەکان :**

لێرەدا توێژەران (٤) توێژینەوەی (کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی)یان خستۆتەڕو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. توێژینەوەی (ڕۆڵی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی بەرپرسێتی ژینگەیی هەرێمی کوردستاندا.)**

توێژینەوەیەکی وەسفیە بە میتۆدی وەسفی و ڕێبازی (ڕوپێوی) لەسەر (٥٠٪)ی ئەندامانی هەڵسوڕاو و کارای ڕێکخراوە ژینگەییەکانی شاری سلێمانی کە ژمارەیان (٦٠) هەڵسوڕاوە ئەنجامدراوە و بەشێوی سامپڵی مەبەستدار وەرگیراون، توێژینەوەکە کاری کردوە بە ئامانجی دڵنیابون لە بایەخپێدانی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان بە بەهاو کاریگەرێتییەکانی ژینگەو پێکهاتەکانی، سەرەڕای کاریگەرێتییەکانی لەسەر ژیانی کوردەواری و گەیشتن بەئاستی هەوڵدانی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان لە ڕاڤەکاری و شیکاری ڕەهەند و ماناکانی چەمکی ژینگەدا و ناساندنی بەهاو پێکهاتەکانی بەتاکی کورد.

دەرئەنجامی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە: فەرامۆشکردن و تارپۆشکردنی بەرچاوی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان بۆ گرنگی ڕۆڵی ژینگەی هەرێم لە بەردەوام بون و باڵاپێکردنی جۆر و شێوەی ژیانی تاکەکانیدا، هەروەها هەوڵنەدانی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان بۆ گواستنەوەی ئەزمونە ژینگەییەکانی وڵاتانی ئەزموندار و پێشکەوتو بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی کلتوری پاراستن و گەشەپێدانی ژینگەیی لە هەرێمدا. (حەسەن، عومەر، عەبدوڵا، ٢٠١٩، ٥-٣٢)

**2- توێژینەوەی: (الإعلام البيئي التلفزيوني و نشر الثقافة البيئية):**

توێژینەوەیەکی شـیکاریە لەچوارچێوەی میتۆدی وەسـفیدا و بەڕێبازی شـیکاری ناوەرۆک کاری کردوە لەسـەر بەرنـامە تەلەڤیزیۆنیە ژینگەییەکـانی (تەلەڤیزیۆنی جەزائیری و شــروق تیڤی) بەنمونە بەرنـامەی "بیئتنـا" لە تەلەڤیزیۆنی جەزائیری و"green mag" لە شروق تیڤی لە (٢٠١٦/٩/١٦) تاکو (٢٠١٧/٦/٩).

گرنگترین ئـامـانجی توێژینەوەکەش خۆی دەبینێتەوە لە: زانینی ڕوبەری گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی جەزائیری و شروق تیڤی بەبابەت و دۆزە ژینگەییەکان، هەروەها زانینی ئەو قاڵبە هونەری و ئامڕازانەی قایلکردن کە زۆرترین کاریگەریان هەبوە لەپێکهێنانی مەعریفە و زیادکردنی هۆشیاریان دەربارەی دۆزە ژینگەییەکان، لەئاکامدا گەیشتوە بەو دەرئەنجامەی کە ئەو بابەتانەی بەرنامەی "بیئتنا" چارەسـەریی کردوە زیاتر پەیوەسـت بون بە هۆشـیاری ژینگەیی، هاوڵاتی ژینگەیی، کلتوری ژینگەیی بەگشتی. (دواجی، ٢٠١٧، الموقع الرقمي)

**3- تـوێـژینـەوەی: (The Role of Social Media on Environmental Awareness of Undergraduate Students in University of Sulaimani in Iraq)**

توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسـفی و ڕێبازی ڕوپێوی کاری کردوە لەسـەرخوێندکارانی بەکالۆریۆس لەدامەزراوە زانسـتییەکانی عێراقدا، خوێندکارانی بەشـی ڕاگەیاندنی کۆلیژی زانسـتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سـلێمانی وەک سـامپڵی توێژینەوە وەرگرتوە و گرنگترین ئـامـانجی توێژینەوەکەش: زانینی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ لەڕوی ژینگەییەوە.

گرنگترین دەرئەنجامە بەدەسـتهاتوەکانی بریتین لە: بەرتوێژانی توێژینەوە بەگوێرەی پلەبەندی لەیەکەمەوە تاکو چوارەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ (دەستخستنی هەواڵ و زانیاری) و (زیاتربونی مەعریفە) و (بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاریان دەربارەی زانستەکان و پرۆسەی فێرکردن) و (زیادکردنی هۆشیاری ژینگەیی) بەکاردەهێنن. هەروەها زۆربەی خوێندکاران لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵدەسـتن بە ئەرکی بڵاوکردنەوەی هۆشـیاری ژینگەیی. (Jalaladeen,2021, pp. 218-231)

**4- توێژینەوەی: (بررسی نگرش شهروندان نسبت به نقش تلویزیون درآگاهی بخشی درزمینه حفاظت محیط زیست)**

توێژینەوەکە پەیڕەوی لە میتۆدی وەسـفی و ڕێبازی شـیکاری لەو میتۆدەدا، کردوەو شـاری هەولێری وەک کۆمەڵگـای توێژینەوەکە وەرگرتوە، کە گروپە تەمەنییەکـانی (٢٠ تـاکو٦٠) سـاڵ لە کۆی (٨٠٩٠٠٠) کەس لەخۆدەگرێت و گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە: خۆی دەبینێتەوە لە هەڵسـەنگاندنی توێژینەوەی ڕوانگەی هاونیشتمانیان سەبارەت بە ڕۆڵی تەلەڤیزیۆن لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەپارێزیدا.

- گرنگترین دەرئەنجامەکانی کە پێگەیشـتوە بریتییە لە ئەو کەسـانەی کە زۆرتر سـەرنجیان لەسـەر بەرنامە تەلەڤیزیۆنییە ژینگەییەکـان لەکەنـاڵە نـاوخۆیی و دەرەکیەکـانـدا هەبوەو بینەری بەردەوامیـان بون، ڕوانگەیـان دەربارەی ژینگەو ئاسـتی هۆشـیاری و زانیاریان سـەبارەت بە ژینگە باشـتر بەرزبۆتەوە، هاوکات زۆرینەی

بەرتویژان زیاتر بایەخیان بە بینینی هەواڵە ژینگەییەکان داوە و لە ئاستی دوەمیشدا سەرنجیان داوەتە دۆکۆمێنتاری و بەرنامەکانی ژینگەیی. (مولود، شمسی، ١٣٩٩ ١-١٦٨.)

**دو: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو:**

**دوای وردبونەوە سەرنجدانی توێژەران لە گشت توێژینەوەکانی پێشو، کە لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕو، لەمیانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا تاوتوێی (ناوەڕۆک)یانیان خستۆتەڕو:**

**میتۆد:** بەتێڕامان لە توێژینەوە ئاماژەپێکراوەکان دەردەکەوێت کە توێژەرانی توێژینەوە (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی)یەکان، میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوەو لەو میتۆدەشدا کاریان لەسەر (ڕێبازی ڕوپێوی) یاخود (ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆک)، کردوە.

**سامپڵ:** سامپڵی توێژینەوەکانی پێشو بریتییە لە: خوێندکاری زانکۆ (گەنجان)، هەڵسوڕاو و ئەندامی ڕێکخراوە ژینگەییەکان، بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی، هاونیشتیمانیان.

**ئامراز:** توێژینەوەکانی پێشو بەگشتی هەریەکە لە ئامرازەکانی (فۆڕمی ڕاپرسی، فۆڕمی ڕاپێوی، فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک، چاوپێکەوتن، توێژینەوەی پێشو، کتێب)یان بەکارهێناوە.

**تیۆری زانستی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوە ئاماژەپێکراوەکان تیۆرێکی دیاریکراوان بەکارنەهێناوە وەک چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە.

**لایەنی تیۆری:** توێژینەوەکانی پێشو کاریان لەسەر ڕۆڵی ئامرازە گەیاندنەکانی (ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تەلەڤیزیۆن، تەلەڤیزیۆنی ژینگەیی، تۆڕی کۆمەڵایەتییەکانی (Facebook، Instagram،Twitter)، سۆشیال میدیا) کردوە لە بەرانبەردا ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم ئامرازانەیان لەسەر بوارە ژینگەییەکانی (هۆشیاری ژینگەیی، بەرپرسێتی ژینگەیی، کلتوری ژینگەیی، ڕەفتاری بەڕێوەبەرانی ژینگەیی) خستۆتەڕو.

**دەرئەنجام**: توێژینەوەکانی پێشو گەیشتون بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

– ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بەگشتی و تەلەڤیزیۆنەکان بەتایبەتی، گەشەیان بە هۆشیاری ژینگەیی داوە، بەڵام نەیانتوانیوە وەک پرسێکی گشتی کۆمەڵگایی بیناسێنن و پەرە بە کلتوری پاراستن و گەشەپێدانی ژینگەیی بدەن و هەڵمەتی بەردەوامی ژینگەیی بسازێنن.

– بەرنامەی میدیایی تایبەتی ژینگەیی لە ئاستی پێویستدا نەبوە.

– پەیوەندی کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان و لایەنی پەیوەندیداری ژینگەیی لاوازبوە.

– میوانداری کەسایەتییەکان لە دۆستان و نەیارانی ژینگەو دامەزراوە ژینگەییە حکومی و مەدەنییەکان کراوە.

– بەرتویژان بەئاستێکی بەرز پشتیان بەلاپەڕە ژینگەییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەستوە.

– بەشداری ناوەرۆكە پێشنیاركراوەكانی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوک لە زیادكردنی مەعریفە و هۆشیاری ژینگەیی بەرتوێژاندا لە ئاستێكی بەرزدایە.

– زۆربەی خوێندكاران بەگوێرەی پلەبەندی لەڕێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی (Twitter،Instagram ،Facebook) هەڵساون بە ئەركی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی.

– ناوەرۆكی پەیامی تەلەڤیزیۆنی لە ئێستادا دەربارەی دۆزەكانی ژینگە كەم و دەگمەن بوە، هەروەها ئەو ناوەرۆكە كەمەش لە كاتی گونجاو و زێڕیندا نەخراوەتەڕو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە پەیامە ژینگەییەكان بە ئاوێتەكردنی بە ناوەرۆكێكی بێهێزو زمانێكی ئاڵۆزو بابەتی ناپەیوەندیدارەوە پێشكەشكراون.

– زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەبەندی زیاتر بایەخیان بە بینینی (هەواڵە ژینگەییەكان، دۆكۆمێنتاری، بەرنامەكانی ژینگەیی) داوە، هەروەها ئاستی چۆنایەتی و بەهێزی بەرنامە تەلەڤیزیۆنییە ژینگەییەكان، ڕوانگەی هاوڵاتیان پتەوتردەكات و تێڕوانینی ئەرێنیان سەبارەت بە پاراستنی ژینگە زیاتردەكات.

– لەئەمڕۆدا بەهۆی جۆراوجۆربونی ڕاگەیاندنەوە پێگەی میدیا لەهۆشیاری بەخشی ژینگەییدا فراوانتر و جۆراوجۆرتر بوە، هەروەها گەشەكردنی ژینگە و پاراستنی پەیوەستە بەگەشەی میدیا و زیادبونی پێگەكەی لەو ناوچەماوەردا.

**سێ: ئاستی سودبینینی توێژەران لە توێژینەوەكانی پێشو:**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا (٤) توێژینەوەی پێشویان بە زمانەكانی (كوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی) خستۆتەڕو و هەوڵیانداوە لەم بوارانەی خوارەوەدا، سودمەند بن لێیان:

١. توێژینەوەكانی پێشو توانستی ئەوە بە توێژەران دەبەخشن كە هەنگاوی دەسپێكیان لە كۆتایی دەرئەنجامەكانی ئەوانەوە دەستپێبكەن، لەو ڕوانگەوە توێژەران سودیان لە كەموكوڕی دارشتنی پرسیارو ئامانجەكانی توێژینەوەكانی پێشو بینیوە و هەوڵیان داوە ئەو لایەنە لاوازە پڕبكەنەوە و ئامانجی گونجاو و هاوتەریب بە ناونیشانی توێژینەوەكە، دابڕێژن.

٢. سودمەندبون لێیان بۆ هەڵبژاردنی میتۆدی گونجاو بۆ هێنانەدی ئامانجەكانی توێژینەوەكە و باشتر ڕونبونەوەی ڕێكارەكانی چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوە و دیاریكردنی سامپڵی توێژینەوە و ڕێكارە ئامارییە پێوست و گونجاوەكان.

٣. ئەم توێژینەوەیەی سودی لە توێژینەوەكانی پیشو بینیوە لەڕوی گەڕانەوە بۆ هەندێک لەو سەرچاوە جیاواز و گرنگانەی كە بەكاریانهێناوە بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەكە.

٤. توێژەران لەدیاریكردنی ئامڕازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری و دانانی پرسیارو برگەكانی فۆڕمی شیكاریدا، سودیان لە برگە و پرسیارەكانی توێژینەوەكانی پێشو وەرگرتوە، هەروەها بەهۆیانەوە سودمەندبون لە

سەرنجدانی خودی لەو برگەو پرسیارە پێویستانەی کە لەمیانەی فۆڕمی شیکاری ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریدا نەخراونەتەڕو، لەکاتێکدا پێویست بو بخرێنەڕو.

**چوارەدەیەم : ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**١. بایەخپێدانی میدیایی:** مەبەستی توێژەران لە چەمکی بایەخپێدانی میدیایی لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا ئاستی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانە بە پەیامە ژینگەییەکانی پەیوەندیدار بە کلتوری ژینگەیی و کاریگەریان لەسەر پەرەپێدانی کلتوری ژینگەیی لای جەماوەر، کە پێوەرێکی لێکۆڵینەوەی زانستیە و لەم توێژینەوەیەدا پێوەرە بۆ دیاریکردنی ڕادەی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بە بونیادی بنەماکانی کلتوریی ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا.

**٢. تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی:** لەدیدی توێژەراندا تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا، سیستەمێکی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵییە کە بۆ ناردن و پەخشی پەیامەکانی پشت بە تۆڕی ئینتەرنێت دەبەستێت و تیایدا وەرگرتنی زانیارییەکان بەشێوەی ئاماژەی ژمارەیی (٠،١) دەنێردرێت و لەڕێگەی کۆمپیوتەر یاخود مۆبایلی زیرەکەوە پەخشەکەیان وەردەگیرێت، بەبێ پەنابردن بۆ ئامێری تەلەڤیزیۆن.

**٣ کلتور:** بەتێڕوانینی توێژەران لە چەمکی کلتور لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا، فۆڕمێکی ژیانسازی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پەیرەولێکراوەو لەسەر بنەمای دابونەریت و بەها و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و مامەڵەی نەریتی بڕیار لێدراو و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی ناو کۆمەڵگە لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا، بونیادنراوە.

**٤. ژینگە:** مەبەستی توێژەران لە چەمکی ژینگە لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا، هەرسێ ڕەگەزی سەرەکی ژینگەیی (ئاو، هەوا، خاک) دەگرێتەوە، بە سەرجەم ئەو زیندەوەرە وشکانی و ئاویی و ئاژەڵە کێویانەی کە ژیانیان پەیوەستە بەم سێ ڕەگەزە ژینگەییەوەو پەیوەندی مرۆڤ پێیانەوە، لەو ڕوانگەوە بەدیاریکراوی توێژەر مەبەستی لە سروشت و ژینگەی هەرێمی کوردستانی عێراقە.

**٥. کلتوری ژینگەیی:** مەبەستی توێژەران لە چەمکی کلتوری ژینگەیی لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا. ئاوێتەکردنی مامەڵەی ژینگەییە بۆ ناو کلتوری کۆمەڵگاو سەیرکردنی ژینگەو پاراستن و گەشەپێدانیەتی وەک ئاکارێکی کلتوری پیرۆزو بونیادنانی تێڕوانینێکی کلتوریە لە بەرانبەر مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژینگەدا، ئەمەش لە چوارچێوەی بنەماکانی (مەعریفی و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی)دا خۆی دەبینێتەوە.

## بەشی دوەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## کلتوری ژینگەیی لە پەیامە تەلەفزیۆنییە دیجیتاڵییەکاندا

### یەکەم: کلتوری ژینگەیی

**١. ژینگە:** سەبارەت بە بنەڕەتی چەمکی ژینگە دەکرێت بوترێت: وشەی (Environment) لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردەهینرێت بۆ گوزارشتکردن لەو مەرج و بارودۆخ و هەژمونە دەوروبەریانە (ژینگەییانە)ی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر پێشکەوتنی هەر زیندەوەرێک یاخود سەرجەم زیندەوەرانی سەر زەوەی، هەروەها گوزارشتە لەو نێوەند یاخود ئەو شوێنەی کە زیندەوەری تیادایەو لەهەمانکاتدا کاریگەریشی هەیە لەسەر ژیانی." (بشیر، ٢٠١١، ١٠).

**٢. کلتوری ژینگەیی:** کلتوری ژینگەیی چەمکێکی بەرفراوان و فرەڕەهەندەو گوزارشت دەکات لە مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و ڕەهەندێکی کلتوری وەردەگرێت، لەبنەڕەتدا ئەم ڕەهەندە پەروەردەیی و کلتوریەی مرۆڤ دەربارەی ژینگە، بیرە، ئاراستەیە، فەلسەفەیەو لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەوە بۆ ژینگە و گەشەپێدانی ژینگەیی و بەئامانجی بڵندڕاگرتنی پێگەی ژینگە و پاراستنی سیستەمی ژینگەییە، هەروەها کار لەسەر ئامادەکردنی مرۆڤ دەکات بۆکارلێک لەگەڵ ڕەگەزە ژینگەییەکاندا. (عبدالقادر، ٢٠١٦، ٢٥).

لەبارەی پێناسەی کلتوری ژینگەییەوە دەوترێت کە"چەمکێکە گوزارشت دەکات لە دەوڵەمەندبونی تاک بە پێکهاتەی زانین (مەعریفی) و هەڵچونی (ئینفیعالی) و ڕەفتاری (سلوکی) نوێ لەمیانەی ئاوێتەبونی بەردەوامی لەگەڵ ژینگەکەیدا کە دەبێتە مایەی پێکهێنانی ڕەفتاری باش، ئەمەش دواجار وادەکات تاک بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بتوانێت کارلێک لەگەڵ ژینگەکەیدا بکات، هاوکات توانستی ئەوەی دەبێت کە ئەو ڕەفتارە ئەرێنییە بگوازێتەوە بۆ ئەوانی دی." (أعمر، احمد، ٥-٢-٢٠١٢، ٤٢).

### دوەم: تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی:

**١- پێناسەی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی:** تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی وەک ئامرازێکی نوێی میدیایی دیجیتاڵی چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، لەو گۆشەنیگایەوە دەکرێت پێناسەی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بکرێت بەوەی کە بریتییە لەو"تەلەڤیزیۆنەی کە هەڵدەستێت بەناردن و پێشوازیلێکردنی بابەتی ڤیدۆیی دیجیتاڵی، لەگەڵ فەراهەمبونی توانای پاراستن وخەزنکردن و ناردن و چارەسەری دیجیتاڵی بۆ بابەتەکان، هەروەها دەستەبەرکردنی توانای کارلێککردنی بینەر لەگەڵ بابەتە دیجیتاڵییەکان هەروەها لەگەڵ نێرەری پەیامدا، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە بینەر بتوانێت ئەو گرتەو بابەت و بەرنامانە هەڵبژێرێت کە مەبەستیەتی." (الوحدة التعليمية، ٢٠٢٠، ١١).

**٢. تایبەتمەندییەکانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی:**

**أ- جیهانیبون و گەردونێتی:** تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی توانستی تێپەڕاندنی سنوری کیشوەر و وڵاتانی هەیە و دەتوانێت لەسنوری جیهانیدا پەخش بکات و لەدەرەوەی هەژمونی (چاودێری و بڕیاری قەدەدەغەکردن و باج)ە

سیاسی و نایاساییەکانی دەسەڵاتە ناوخۆییەکانەوە پەیامەکانی پێشکەش بکات و توانستی دەربازبونی فشارەکانی چەند هێندە زیاترە بەبەراورد بە دامەزراوەکانی میدیای نەریتی. (کنعان، ٢٠١٤، ١٨).

**ب- ئاسانی پارەدارکردن:** خەسڵەتێکی تری تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆ ئاسانی بەپارەدارکردن و تێچونی کەمی دارایی دەگەڕێتەوە، کە هەر لە بواری سەرچاوەی دەستی مرۆیی و پێداویستی تەکنیکی و خەرجی بینا و دامەزراوەییەوە کەمترین خەرجی دارایی پێویستە بە بەروارد بە دامەزراوەیەکی میدیای نەریتی، ئەمەش بە هۆکارێکی گرنگی دەرکەوتن و گەشەکردنی ئەم ئامڕازە دیجیتاڵییە دادەنرێت. (کنعان، ٢٠١٤، ١٨).

**ج- کوالێتی بەرزی وێنە و دەنگ:** خەسڵەتێکی نایابی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆ بونی وێنە و دەنگ لە ئاستێکی بەرزی کوالێتیدا دەگەڕێتەوە بەشێوازێک کە پرۆسەی بینینی وێنە لە تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵیدا لە شێوەی وێنەی ناو هۆڵی سینەما دەچێت لەڕونی و سافیدا کە پێشتر ئەم خەسڵەتە لە سیستەمی ئەنەلۆگدا بەرجەستە نەبوە.

**د- فرەپەخشی:** توانستی پەنابردن بۆ پەخشی فرەکەناڵی لەسەرهەمان کەناڵی دیاریکراو، واتە بڵاوکردنەوەی بەرنامە لە پۆینتی هەمەجۆرەوە لەسەرهەمان فریکوێنسی، کە ئەم تایبەتمەندیە پێشتر لە سیستەمی ئەنەلۆگدا بەدینەکراوە. (الدليمي،٢٠١٩، ٣٦).

**هـ - توانستی گواستنەوە:** تایبەتمەندییەکی تری تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی خۆی دەبینێتەوە لە ئاسانی گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر، بەنمونە تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی کە لەڕێگەی ئەپلیکەیشن (App tv) و لە زۆرترین حاڵەتدا بەهۆی (ئامێری مۆبایل)ەوە پەخش دەکرێت یاخود هەندێکجار لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەرەوە پەخشەکەی وەردەگیرێت، بینەر بەشێوەیەکی ئاسایی (مۆبایل) یاخود (لاپتۆپ) وەک ئامێرێکی کەسی لەگەڵ خۆی دەگوازێتەوە، هەروەها توانای پێشوازی پەخشەکەی و ئاڕاستەکردنی پەرچەکرداری هەیە لەهەر شوێنێک بێت.

**و- توانستی گۆڕان:** ئەم ئامڕازە توانستی گواستنەوەی زانیاری هەیە لە ژانری جیاوازەوە، هاوکات توانای گواستنەوەی چاوی بینەری هەیە لە پەیامێکی میدیایی ڤیدیۆییەوە بۆ پەیامیکی دەنگی بێ وێنە یاخود نوسراو.

**ز- توانستی هاوبەش بونی تەکنیکی:** خەسڵەتێکی تری تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە توانستی هاوبەشی بونی تەکنیکی (Connect)ی هەیە لەگەڵ هەر ئامێرێکی دیجیتاڵیتردا بەجیاوازی کۆمپانیا و وڵاتی بەرهەمهێنەری ئامێرە دیجیتاڵیەکە. (التميمي، ٢٠٢٠، ٩٩).

**ح- فراوانی کاتی پەخش:** تایبەتمەندییەکی تری تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی خۆی دەبینێتەوە لەڕەخساندنی زەمینەیەکی فراوان و ڕوبەرێکی گشتگیر بۆ پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی پەیام و زانیاری هەمەچەشن، بە پێچەوانەی میدیای نەریتیەوە کە ڕوبەری لاپەڕەو کاتژمێری پەخش بڕیاردەدات لەسەر چەندێتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی میدیایی، ئەم ئامێرە دەرفەتی هەمەچەشنیتی تا ئاستێکی زۆر ڕەخساندوە. (الجندي، ٢٠١٩، ١٩).

**ط- توانستی بینینی پاڵەوانێتی یارییە وەرزشییەکان و پێدانی گۆشەی جیاوازی ڤیدیۆیی:** لە بنەڕەتدا بیرۆکەی دروستکردنی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە پێناوی بینینی پاڵەوانێتی و یارییە وەرزشییەکاندا پێشکەشکراوە، ئەم

توانستە دەرفەتی ئەوە بۆ بینەران دەرەخسێنێت کە بەگوێرەی ویست و کات و شوێنی گونجاوی خۆیان بینەری پاڵەوانێتی و یاریە وەرزشییەکان بن و ئەو گۆشەیەی کامێرا هەڵبژێرن کە ئارەزوی بینینی ئەکەن، هاوکات لەیەک کاتدا بینەری زۆرترین لە پاڵەوانێتی و یارییەکان بن. (Jessic, 2012, P).

**سێیەم: بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی**

**١- بنەما مەعریفییەکانی کلتوری ژینگەیی**

**أ- پەروەدەی ژینگەیی:** پەروەردەی ژینگەیی بنەمایەکی مەعریفی گرنگی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەو" ئامانجی یارمەتیدانی تاکەکانە لەسەر بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی ڕون وئاشکرا کە مرۆڤ بەشێکە لە سیستەمێک و لێی جیانابێتەوە کە پێکدێت لە مرۆڤ و کلتور و ژینگەی سروشتی و ژینگەی زیندەگی، هەروەها مرۆڤ توانای هەیە کە پەیوەندییەکانی ئەو سیستەمە بگۆڕێت." (عبدالقادر، ٢٠١٦، ٥٧).

**ب- ڕۆشنبیری ژینگەیی:** توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی و ژینگەیی و پەروەردەیی کۆکن لەسەر بایەخی بەرچاوی کردەی ڕۆشنبیری ژینگەیی و ڕایانوایە کە لەدەستپێکدا کردەیەکی مەعریفی و کۆمەڵایەتییەو پێویستە لە (ماڵ)ەوە دەست پێبکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کە نەوەی ئێستا لەسەر پایەو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەسەن و دروست و بەهێز گۆشبکرێت، تاکو ببێتە بنەمایەک بۆئەوەی نەوەکانی داهاتو پشتی پێ ببەستن، و بەرانبەر بە ژینگە ڕۆشنبیرو بەئاگاو خەمخۆربن و باش لەو ڕاستیە تێبگەن کە ژینگە واتای ژیانە.

(Sadker, Sadker , Hill,.,2003, P. 372-373)

**ج- هۆشیاری ژینگەیی:** لەپێناسەکەیدا هاتوە کە هۆشیاری ژینگەیی" ئەو ئاستەیە کە مرۆڤ پێی دەگات لەوەرگرتنی مەعریفەو ئاراستەو بەهاو بەهرە ولێهاتویی پێویست بۆ بەشداریکردن لە پاراستن وچاکردنی ژینگەدا، سەرەڕای ئاستی مەعریفەی سەبارەت بەو هەڕەشانەی کە ڕوبەڕوی ژینگە و ژیان لەسەر هەسارەی زەویدا دەبنەوە کە دەرئەنجامی ڕەفتاری نەرێنی خودی مرۆڤ خۆیەتی." (النتشة، ٢٠٠٦، ١٤).

**د- گەشتیاری ژینگەیی:** (السیاحة البیئیة) - (Ecotourism) چەمکێکی گرنگ و ئاوێتەکەری هەردو بواری ژینگەیی– گەشتیاریە و هاندەرێکی گرنگی سەرنجراکێشانی گەشتیارانە و ڕوانینێکی فەلسەفیانەی جوانناسی ژینگەیەو بنەمایەکی گرنگی بونیادنانی کلتوری ژینگەییە، ئامانجی توێژینەوەو وردبونەوەیە لەوێنە سەرسوڕهێنەرەکانی ژینگە و چێژوەرگرتنە لەدیمەنە سروشتیە دڵڕفێنەکان و ئاسودەبونی مرۆڤە بە تێگەیشتن و بینینی ژیانی زیندەوەرە وشکانییەکان وئاژەڵە کێوییەکان، هەروەها پێبەخشینی زانیاریە بەگەشتیاران دەربارەی شارستانێتییە دێرین و نوێکان کە لەچوارچێوەی کەلەپور و کلتوری ڕۆشنبیری و هونەری ئەو ناوچە ژینگەیانەدا بونیان هەیە.) (الصیرفی، ٢٠١٦، ٢٠٩-٢١٠).

**٢ - بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کلتوری ژینگەیی:**

**أ- بەهای ژینگەیی:** پێناسە دەكرێت "بەو ئەحكامانەی كە لە ئاستی مەعریفی و ئەزمونی تاكەوە سەرچاوە دەگرن بەپیشاندانی هێمای گرنگیدان و پەسندكردن یاخود خەمساردی و پەسندنەكردنی بابەتە ژینگەییەكان، لەمیانەی ئەم كارلێكەدا ئەزمون ومەعریفەی نویَ (بەها) دروست دەبێت." (عجاج، ٢١-١- ٢٠٢٢- الموقع الرقمي)، میدیا لە پرۆسەی نەشونوماكردنی بەهادا ڕۆڵدارەو پێویستی بەوەیە كە ڕەگ و ڕیشەی بایەخنەدانی تاك بە ژینگە بدۆزێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە كار لەسەر ئەولایەنە لاوازەی مرۆڤ بكات و بەهای نویَ و ئەرێنی ژینگەیی تیادا بونیادبنێت. (عابد، أبو السعيد، ٢٠١٤، ٣٧).

– **بەرپرسیارێتی ژینگەیی:** هەستی بەرپرسیایتی ژینگەیی ئەركێكی پێویستە لەسەر هەمو تاكێك بۆ كەمكردنەوەو سنوردانانی لێكەوتە نەرێنییەكانی كردەو دستدرێژی ژینگەیی، ئەم بەرپرسیارێتیەش لەسەر بنەمایەكی گرنگ وەستاوە و بریتییە لەوەی كە هەركەس زیانێك بە ژینگەكەی بگەیەنێت پێوستە بەشداربێت لە چاككردن و لابردنی ئەو زیانە ژینگەییەدا كە خۆی هۆكاربوە بۆ ئەنجامدانی." (أدمين،٢٠٢٢/١/١٥، الموقع الرقمي).

**ب – ئینتیمای ژینگەیی و هاوولاتی ژینگەیی**: چەمكی هاوولاتی ژینگەیی چەمكێكی نوێی ژینگەییەو مۆركێكی جیهانییە هەیەو خۆی دەبینێتەوە لەپەیوەستبون بەئینتیمای ژینگەیی و كۆمەڵیَ بەها و دابونەریت و بنەما و ئاڕاستەی مرۆیی كە هەوڵی خزمەتكردن و بەرزڕاگرتن وپاراستنی مافە ژینگەییەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەدات لەسەرتاسەری جیهاندا، ئامانجی هێنانەدی كۆمەڵگایەكی هۆشیارو بەئاگایە كە لەسەر مەبنای بەشداریكردنێكی كردەیی لە بونیادنانی سیستەمێكی جیهانی دادپەروەرو بەرپرسیاردا بەرژەوەندی مرۆڤایەتی لە ژینگەیەكی ئارامدا بهێنێتەدی. (القاسم، ٢٠٢٢/١/١٨، الموقع الرقمي).

**ج – بەشداری و هەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی:** دەوترێت لە دونیای سیاسەتیشدا مرۆڤەكان جیاوازبن ئەوا ژینگە هەموان بەجیاوازی دەنگ و ڕەنگ و زمان و ئاینەوە كۆدەكاتەوە، لەبەرئەوەی كێشە ژینگەییەكان دوچاری هەموان دەبنەوە بەبیَ لە بەرچاوگرتنی سنور، پێویستە هەماهەنگی و هەرەوەزی و هاوبەشێتی هەموانیش پێكەوە لە پاراستنی ژینگەو ڕوبەڕوبونەوەی كێشە ژینگەكاندا ڕەنگبداتەوە، لەو ڕوانگەیەوە پێویستە دەزگاكانی ڕاگەیاندنیش ببنە سەكۆیەك بۆ شرۆڤەی ئەو هەنگاوە ژینگەییانەی كە پێویستە توێژە جیاوازەكانی گەل پێكەوە بەشداری تێدابكەن و تیایدا كار لەسەر گۆڕینی زەین و ئاڕاستەی خەمساردی ژینگەیی بەگیانی هەرەوەزخوازی و هەڵمەتی هاوبەشی ژینگەیی بكەن. (سبع،٢٠١٥، ٨٩).

**د- ڕەفتاری ژینگەیی:** ڕەفتاری ژینگەیی چەمكێكی بەرفراوانە و چەند لایەنێك لەخۆدەگرێت، كە گرنگترینیان بریتین لە: ڕێگری وبەرگرتن لە ڕودانی كارەساتی مەترسیداری ژینگەیی بۆسەر ژینگەی مرۆڤ بەتایبەت ئەو هەڕەشانەی مەترسین بۆ سەر لایەنی تەندروستی مرۆڤ، هاوكات سەرجەم ئەو ئاڕاستانە دەگرێتەوە كە تاك بونیادی دەنێت لە بەرامبەر كێشەكانی ژینگەدا، هەروەها كۆكردنەوەی مەعریفەی گشتی لەسەر ئەو چوارچێوەیەی كە مرۆڤ

ژیانی تیادا بەسەردەبات تاکو بزانێت چۆن دەیگۆڕێت بۆ ڕەفتار و هەروەها چ جۆرە ڕەفتارێکی پێویستە. (الرفاعي، ٢٠١٠ -٢٠١١، ١٩).

**٣ - بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی:**

**أ- ڕاگەیاندنی ژینگەیی:** ڕاگەیاندنی ژینگەیی لە میانەی کارکردنی لەسەر (زانیاری ژینگەیی) و (بابەتی ژینگەیی)ەوە کار لەســـەر گەڵاڵەکردنی کلتوری ژینگەیی دەکات، بونی زانیاری دەربارەی بابەتگەلێکی ژینگەیی جیاواز هەنگاوی یەکەمە بۆ بونیادنانی ڕۆشـــنبیری و کلتورێکی ژینگەیی لای تاک و کۆمەڵ، (ابراهيم،٢٠١٥، ٢٠)، لەو ڕوانگەیەوە توێژەران پێیان وایە کە (تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی) وەک ئامڕازێکی نوێی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی دەتوانێت لەچوارچێوەی ژانەرەکانی: (پرۆگرامی تەلەڤیزیۆنی، ڕیکلامی تەلەڤیزیۆنی، تێکســت، ڤیدیۆ، دەنگ، گرافیک، هەواڵ، ڕاپۆرتە هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، دیمەنی ژینگەیی، هتد..)ەوە گرنگی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی بدات.

**ب- ناوەندە زانســـتییەکانی تایبەت بە ژینگە:** ناوەندە زانســـتییەکانی تایبەت بە ژینگە لەمیانەی ڕۆڵگێڕانی مامۆســتایانی زانکۆ و پەیمانگاکان وەک دەســتەبژێرێکی کۆمەڵگاو پیشــەنگانی زانســتی ئەم مەڵبەندە زانســتیانە دەتوانن گەشــە بەبڵاوکردنەوەی هۆشــیاری و پەروەردەی ژینگەیی و ڕۆشــنبیری ڕێزگرتن و پاراســتنی ژینگە و بەکلتورکردنی مامەڵەی کۆمەڵگا لەگەڵ ژینگەدا بکەن، هاوکات پێویســتە لەڕوی داراییەوە حکومەت بەتەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆئەنجامدانی توێژینەوەی زانســـتی و هاندانی توێژینەوەی پێکەوەیی و ئەنجامدانی چالاکییە ژینگەییەکان، هاوکاری ئەم مەڵبەندە زانستیانە بکات، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کە بە ئاوێتەکردنی عەقڵی زانستی توێژەرانی زانستی، بەرهەم وتێزی زانستی نوێ بۆخزمەتی ژینگە بێتە کایەوەو توێژینەوەکان بگەن بە دەرئەنجام و ڕاســپاردەی بەهێزی زانســتی، هەروەک پێویســتیشــە لایەنە پەیوەندارەکانی حکومی و ڕێکخراوەیی و داواکاری گشتی، سود لە داتاو دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە زانستیانە ببینن وکاری جدیان لەسەر بکەن. (عوسمان، حسێن،٢٠١٣، ٥١).

**ج- لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە:** پێوســتە ئەم دەزگا فەرمی و پەیوەندیدارانەی ژینگە کار لەســەر گەشـــەپێدانی هەماهەنگی جەماوەری بکەن بۆ خزمەتی ژینگە، هەروەها هەوڵی دروســـتکردنی تۆڕێکی پەیوەندی بەرفراوان بدەن لەگەڵ ســـەرجەم وەزارەت و ڕێکخراو و کۆمپانیاکاندا بەمەبەســتی لێکتێگەیشــتن و هەماهەنگی زیاتر بۆ خزمەتی پاراستنی ژینگە. (اللجنة العالمية للبيئة والتنمية، بدون سنة النشر، ٦٥).

**د- ڕێکخراوە مەدەنییە ژینگەییەکان:** ئەم ڕێکخراوانە پاڵپشـــتێکی گرنگن لە بواری پاراســـتنی ژینگە و بونیادنانی کلتوری ژینگەیدا لە پاڵ ئەرکی ســـەرەکی هۆشـــیارکردنەوەی هاووڵاتیاندا لەمیانەی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و ئەنجامدانی چالاکی و هەڵمەتە ژینگەییەکاندا، هەروەک هەماهەنگن لەگەڵ دەســـەڵاتی جێبەجێکردندا بۆداڕشـــتنی سیاسەتی ژینگەیی و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە ژینگەییە لەسەرئەرزی واقیعدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەک

گروپی فشارو چاودێر بەسەرحکومەت و هاونیشتمانیانەوە ڕۆڵ دەبینن لەهەمبەر ڕودانی کەموکوڕی و مەترسییە ژینگەییەکاندا. (عوسمان، حسێن،٢٠١٣، ٦١).

**هـ – تەندروستی ژینگەیی**: تەندروستی ژینگەیی گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر تەندروستی و ژیانی مرۆڤ و پەیوەندیدارە بەڕادەی پاکێتی خواردن و خواردنەوەو و دڵنیابون لە پاکژی هەوای هەناسەدانی مرۆڤ، هەر کاتێک ژینگەی مرۆڤ دوچاری مەترسی ژینگەیی لە شێوەی بڵاوبونەوەی نەخۆشییە درمەکان و نەخۆشییە ژینگەییەکان بوە، ئەوا بەئاسانی لەمرۆڤەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوانی دی و تێکرای ژینگەکە دوچاری مەترسی دەکاتەوە، (بڵاوبونەوەی کۆرۆنا ڤایرۆسی (Coronavirus COVID-19) بەنمونە، پێویستە دامودەزگا تەندروستییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نەریتی و دیجیتاڵی بەگشتی بەردەوامبن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و ڕێنمایی خۆپاراستن لە نەخۆشییە ژینگەییەکان. (سلوم، نادر،٢٠١٣-٢٠١٤، ٢٨٢).

**و- ئاسایشی ژینگەیی**: ئاسایشی ژینگەیی بنەمایەکی گرنگی کلتوری ژینگەییەو لەڕێگەی: پیسکردنی ئاووهەوا و پیسکردنی ژینگەیی لە بوارەکانی تەندروستی و کشتوکاڵی و ئابوری و گەشتوگوزاریدا دوچاری لەباربردن دەبێتەوە، بۆ ڕێگرێکردن لەتێکدانی ئاسایشی ژینگەیی ئەرکی دامودەزگای کۆنترۆڵی جۆری حکومییە وەک پارێزەرانی ئاسایشی ژینگەیی پێویستە زۆر وردبینانەو دورمەودایانە چاودێری ئاسایشی خۆراکی بکەن و بەردەوام لەدەروازە سنورییەکان و ناوبازاڕەکاندا گرنگی بە پشکنینی ماوەی ئاسایی و بەسەرنەچونی بەکارهێنانی کەرەسەکانی خۆراک و خواردنەوە بدەن. (تالیب،٢٠٢٠، ١٧٦-١٧٩).

**ز- یاسای ژینگەیی**: یاسا ژینگەییەکان بنەمایەکی گرنگی بونیادنانی کلتوری ژینگەیین و ئامانج لە دانانیان پاراستنی ژینگەیە لەپیسکردن و تێکدانی هاوسەنگیەکەی و ڕێگریکردنە لە زیانگەیاندن بە ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوەی، ئەم یاسایانە لەسەر ئاستی جوگرافیای جێبەجێکردنیان پۆلێن دەکرێن بۆ جۆرەکانی (ناوخۆیی، نێودەوڵەتی، ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان) کە بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان قەدەغەدەکات و شێوازی مامەڵەی یاسایی لەگەڵ ژینگە ڕێکدەخات و مرۆڤ لە سەرپێچی ژینگەیی و سزاکەی زانیاردەکات، (ابو سمرة، ٢٠١٠، ١٢٩-١٣٠).

## بەشی سێیەم: لایەنی کردەیی توێژینەوەکە

بۆ ڕونکردنەوەی ڕادەی بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بە بونیادی بنەماکانی کلتوری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەران هەڵسان بەئامادەکردنی فۆرمێکی تایبەت و دیاریکردنی (دەستە) و (یەکە) و (بڕگە)کان کە تایبەت بون بە چەندیتی بەرهەمە ژینگەییەکان و چەندێتی ناوەرۆکە جیاوازەکانی بەرهەمە ژینگەییەکان و بنەماکانی بونیادی کلتوری ژینگەیی، لەو ڕوانگەیەوە لایەنی کردەیی توێژینەوەکە دابەش بوە بۆ سێ دەستەی سەرەکی و چەند یەکەو بڕگەیەک:

أ- ڕادەی بەرهەمە پەیوەستەکان بە ژینگەوە لە هەر کەناڵێکی نمونەکەو لەو ماوەیەی کە توێژەران هەڵیانبژاردوە: ئەمەش بە ئامانجی دیاریکردنی ڕادەی چەندێتی بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتە ژینگەییەکان لە سنوری کاتی دیاریکراوی وەرزێکی سێ مانگی پەخشی تەلەڤیزیۆنیدا کە ماوەی (٢٠٢٢/٤/١) تاکو (٢٠٢٢/٦/٣٠) دەگرێتەوە. ئەمەشیان بەسەر چوار یەکەدا دابەشکردوە کە پێکدێن لە هەر چوار کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە.

ب- جۆری ناوەرۆکی ئەو بەرهەمانەی کە پەیوەندیدارن بە ژینگە: بەئامانجی دیاریکردنی جۆری ناوەرۆکی بەرهەمە ژینگەییەکان، ئەمەش بەسەر چوار یەکەی سەرەکی دابەشکراوە کە بریتین لە ناوەرۆکی بەرهەمە ژینگەییەکان.

ج- بنەماکانی بونیادی کلتوری ژینگەی: بەئامانجی دیاریکردنی ڕادەی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبنەماکانی کلتوری ژینگەیی، توێژەران سێ یەکەی سەرەکییان بۆ ئەم دەستەیە دیاریکردوە کە پێکدێن لە: (بنەما مەعریفییەکانی بونیادی کلتوری ژینگەیی، بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بونیادی کلتوری ژینگەیی، بنەما دامەزراوەییەکانی بونیادی کلتوری ژینگەیی) هەریەکە لەم یەکانەشیان بۆ چەند بڕگەیەک دابەشکردوە کە بە بابەتی پەیوەست بە ژینگە لە ناوەرۆکی بەرهەمەکان ناوی بردوە.

لەسەر بنەمای ئەم پۆلێنکارییە بۆ دەستەو یەکەو بڕگە شیکارییەکان کە بۆ بەرهەمە ژینگەییەکانی هەریەکە لە کەناڵەکان کراوە، زانیارییەکان بەم شێوەیە خراونەتەڕو و شیکاریان بۆ کراوە.

**دەستەی یەکەم: ڕێژەی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:**

دوای سەرنجدان و گەڕانی وردو بەردەوامی توێژەران بە بەرهەمەکانی ئەو کەناڵانەی کە وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون کە چوار کەناڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵین و وەک یەکەیەکی ئەم دەستەیە دانراون، بەناوەکانی (Halabja web Tv- Rudaw web Tv - Kurdsat web Tv - Gav Tv) لەماوەی وەرزێکی سێ مانگی پەخشی تەلەڤیزیۆنیدا لە سنوری کاتی (٢٠٢٢/٤/١) تاکو (٢٠٢٢/٦/٣٠)دا بەشێوەی ڕوماڵی گشتی (مسح شامل)، بۆ توێژەران دەرکەوت کە (١٠٥٩) بەرهەمی ڤیدیۆیی پەیوەستدار بە ژینگەوە بونیان هەیە، لەو ڕوانگەوەو لەپێناوی دیاریکردنی ڕادەی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بە بونیادی بنەماکانی کلتوری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا، کاری شیکاری توێژینەوەیان لەسەر کراوە، وردەکاری ئەو ڕێژەیەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوە:

لەکۆی (١٠٥٩) بەرهەمی ڤیدیۆیی پەیوەندیدار بە بابەت و ناوەرۆکی ژینگەیی ٢٩٧ بەرهەمیان لە ( Halabja web Tv) پەخشکراون کە بەپلەی یەکەم دێت بەڕێژەی ٢٨.٠٥% بە بەراورد بە کەناڵەکانی تری سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها کەناڵی (Kurdsat web Tv) بە ٢٧٢ بەرهەم و بەڕێژەی ٢٥.٦٨% لە پلەی دوەمی کە ناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدایە، لەبەرامبەردا کەناڵی (Rudaw web Tv) بەپلەی سێهەم دێت بە پەخشکردنی ٢٥٨ بەرهەمی ڤیدیۆیی

لە ماوەی سنوری کاتی توێژینەوەکەداو بەڕێژەی ٢٤.٣٦% بەپلەی سێیەم دێت، هەروەها لە کۆتاییدا کەناڵی ( Gav Tv) بە دوبارەی ٢٣٢ بەرهەم و بەڕێژەی ٢١.٩١% لە پلەی چوارەمدایە، وەک لە خشتەی (١)دا خراوەتەڕو.

**خشتەی (١): خستنەڕوی ڕێژەی پەخشی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لە ماوەی سنوری کاتی توێژینەوەکەدا**

| کەناڵەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| **Gav Tv** | ٢٣٢ | ٢١.٩١ | ٤ | ٢.٥٩ | ١.١٥ |
| **Kurdsat web Tv** | ٢٧٢ | ٢٥.٦٨ | ٢ | | |
| **Rudaw web Tv** | ٢٥٨ | ٢٤.٣٦ | ٣ | | |
| **Halabja web Tv** | ٢٩٧ | ٢٨.٠٥ | ١ | | |
| **کۆی گشتی** | **١٠٥٩** | **١٠٠** | | | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١) کە تایبەتە بە ڕێژەی پەخشی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لە ماوەی سنوری کاتی توێژینەوەکەدا کەخۆی لەخۆیدا گرنگیدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان دەردەخات بە بەرهەمە ژینگەییەکان و تیایدا دەردەکەوێت کە (Halabja web Tv) زیاتر کاریکردوە لەسەر ناوچە جیاوازەکانی پارێزگای هەڵەبجە و هەورامان و شارەزور و زۆرترین بەرهەمی ڤیدیۆیی پەیوەست بە ژینگەی بڵاوکردوەتەوە، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم کەناڵە زیاتر گرنگی بە بواری ژینگەیی ناوچەکە داوە بەوەی کە لە سنورێکی گەشتیاری و سروشتیدایە و کاری لەسەر ژینگەی ناوچەکە کردوە، بەبەراورد لەگەڵ کەناڵەکانی تر کە سنوری کاریان فراوانترە وەک بابەت، هاوکات لەڕوی جوگرافیاوە چوارچێوەیەکی فراوانتریان هەیە وشوێنی گەشتیارییان کەمترە.

**دەستەی دوەم: ناوەڕۆکی ژینگەیی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی پەیوەست بە ژینگە:**

لەپاش تاوتوێکردنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەر چوار کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە لە ماوەی سنوری کاتی توێژینەوەکەداو هەڵاوێکردنی بەرهەمی پەیوەست بەژینگە، توێژەران بەرهەمەکانیان لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی بابەتی ژینگەیی وەک یەکەی شیکاری پۆلێنکرد بۆ ئەو ناوەڕۆکانەی کە لە بەرهەمەکاندا بەدیدەکرا، لەو ڕوانگەیەوە بەگشتی بەرهەمەکانی پەیوەست بە ژینگە خۆیان لە پێنج جۆر ناوەڕۆکدا بینیەوە کە بونەتە یەکەی شیکاری ئەم دەستەیەو بریتین لە: (دیمەنی سروشتی، هۆشیاری ژینگەیی، ڕۆژی جیهانی ژینگە، ڕوداوی ژینگەیی، گەشەپێدانی ژینگەیی).

لەوسـۆنگەوە لە سـەرئاسـتی هەر چوار کەناڵەکە، ناوەرۆکی (دیمەنی سـروشـتی) بەرهەمە ژینگەییەکان لە پلەی یەکەمی دوبارەبونەوەدایە بە ٦٤٥ جار دوبارەبونەوە و ڕێژەی 60.91% و ناوەندە ژمێرەیی 2.68 و لادانی پێوانەیی 1.18، بە بەراوردکردنی کەناڵەکان بۆ دوبارەبونەوەی ناوەرۆکی (دیمەنی سـوروشـتی) بەپلەی یەکەم کەناڵی (Halabja web Tv) دێت کە 76.43% بەرهەمە ژینگەییەکانی ئەو کەناڵە (دیمەنی سـروشـتی) بوە کە ئاماژەی نیشاندان و ناساندنی ژینگەی ناوچە جیاوازەکانە.

هەروەها ناوەرۆکی (گەشـەپێدانی ژینگەیی) لەنێو بابەتەکان وناوەرۆکە جیاوازەکاندا بەپلەی دوم دێت بە دوبارەبونەوەی 141 جار و بەڕێژەی 13.31% و ناوەندەژمێرەیی 2.41 و لادانی پێوانەیی 1.07 لەنێو کەناڵەکانیشدا زیاتر کەناڵی (Kurdsat web Tv) گرنگی بەم ناوەرۆکە داوە بە دوبارەبونەوەی ٤٢ جار و بەڕێژەی ١٥.٤٤%.

لەبەرامبەردا ناوەرۆکی (هۆشـیاری ژینگەیی) لەپۆلێنی سـێیەمی گرنگیپێداندایە، ئەویش بە دوبارەبونەوەی 135 جارو بەڕێژەی 12.75% و ناوەندەژمێرەیی 2.3 و لادانی پێوانەیی 0.95 لەنێو کەناڵەکانیشـدا زیاتر کەناڵی (Kurdsat web Tv) گرنگی بەم بابەتە داوە بە بەراورد لەگەڵ کەناڵەکانی تری سـامپڵی توێژینەوەکە بەدوبارەبونەوەی ٥٦ بابەت لە کۆی بابەتەکانی بەڕێژەی 20.59%ی بابەتەکانی ئەو کەناڵە.

لەبەرامبەردا ناوەرۆکی (ڕوداوی ژینگەیی) لە پلەی چوارەمدایە بە دوبارەبونەوەی ١١٨جارو بەڕێژەی 11.14% و ناوەندەژمێرەیی 2.58 و لادانی پێوانەیی 0.91 لەنێو کەناڵەکانیشـدا زیاتر کەناڵی (Rudaw web Tv) گرنگی بەم ناوەرۆکە داوە بە بەراورد لەگەڵ کەناڵەکانی تری سـامپڵی توێژینەوەکە بەدوبارەبونەوەی ٤٥ بابەت لە کۆی بابەتەکانی بەڕێژەی 17.44%ی بابەتەکانی ئەو کەناڵە.

کەمترین ئاستی دوبارەبونەوەش بۆ ناوەرۆکی (ڕۆژی جیهانی ژینگە)یە کە بە دوبارەبونەوەی ٢٠ جارو بەڕێژەی 1.89% و ناوەندەژمێرەیی 2.35 ولادانی پێوانەیی 0.96 هاتوەو لەنێو کەناڵەکانیشدا زیاتر کەناڵی (Rudaw web Tv) گرنگی بەم ناوەرۆکە داوە بە بەراورد لەگەڵ کەناڵەکانی تری سـامپڵی توێژینەوەکە بەدوبارەبونەوەی ٨ بابەت لە کۆی بابەتەکانی بەڕێژەی 3.10 %ی بابەتەکانی ئەو کەناڵە، وەک لە خشتەی (٢)دا خراوەتەڕو.

**خشتەی (٢): خستنەڕوی ناوەرۆکی ژینگەیی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی پەیوەست بە ژینگەی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لە ماوەی سنوری کاتی توێژینەوەکەدا**

| کەناڵ / ناوەرۆک | Gav Tv | | Kurdsat web Tv | | Rudaw web Tv | | Halabja web Tv | | کۆی گشتی | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| دیمەنی سروشتی | ١٥٢ | 65.52 | ١٣٠ | 47.79 | ١٣٦ | 52.71 | ٢٢٧ | 76.43 | 645 | 60.91 | 2.68 | 1.18 | 1 |
| هوشیاری ژینگەیی | ٢٥ | 10.78 | ٥٦ | 20.59 | ٣٤ | 13.18 | ٢٠ | 6.73 | 135 | 12.75 | 2.36 | 0.95 | ٣ |
| ڕۆژی ژینگە | ٥ | 2.16 | ٥ | 1.84 | ٨ | 3.10 | ٢ | 0.67 | 20 | 1.89 | 2.35 | 0.96 | 5 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووداوی ژینگەیی | ١٥ | 6.47 | ٣٩ | 14.34 | ٤٥ | 17.44 | ١٩ | 6.40 | 118 | 11.14 | 2.58 | 0.91 | ٤ |
| گەشەپیدانی ژینگەیی | ٣٥ | 15.09 | ٤٢ | 15.44 | ٣٥ | 13.57 | ٢٩ | 9.76 | 141 | 13.31 | 2.41 | 1.07 | ٢ |
| كۆی گشتی | ٢٣٢ | ١٠٠% | ٢٧٢ | ١٠٠% | ٢٥٨ | ١٠٠% | ٢٩٧ | ١٠٠% | 1059 | ١٠٠% | | | |

خشـــتەی (١)ی پێشـــو کە تایبەت بو بە گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکە بە چەندیتی بابەتی ژینگەیی لە بەرهەمەکانیاندا، بەپشتبەستن بە وەڵامی شیکاری توێژینەوەکە بۆ توێژەران دەرکەوتوە کە هەر چوار کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاستێکی (مامناوەند) گرنگیان بە بابەتی ژینگەیی بەگشتی داوە، ئەم ئەنجامەش بەگوێرەی بەهای ناوەندی ژمێرەیی گشتیەکەی کە دەکاتە (٢.٥٩) هەروەها بەلادانی پێوانەییەکەی کە یەکســـانە بە (١.١٥)، دەرکەوتوە. بەڵام زانیارییەکانی خشـــتەی (٢) بەشـــێوەیەکی تایبەت ئاســـتی گرنگیپێـــدانی کەنـــاڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتـــاڵییەکـــانی بە نـــاوەڕۆکی ژینگەیی بەرهەمەکـــان ڕون کردۆتەوە، لەو ڕوانگەیەوە، ناوەڕۆکی (دیمەنی ســـروشـــتی) خراوەتەڕو کە لە پلەی یەکەمدایە بەبەهای ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٨)، بەڕێژەی ٦٠.٩١% دا.

هەر لەمیانەی ناوەڕۆکی ژینگەیی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنیەکاندا، ناوەڕۆکی (ڕوداوی ژینگەیی) لە پلەی دوەمدایە بە ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥٨)، لە بەرانبەردا لە پلەی ســـێیەمدا ناوەڕۆکی ژینگەیی (گەشـــــەپیدانی ژینگەیی) بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤١) هاتوە، هەروەها لە پلەی چوارەمی ناوەڕۆکی ژینگەیی بەرهەمەکاندا (هۆشیاری ژینگەیی) بەبەهـای نـاوەنـدی ژمێرەیی (٢.٤٣٦) پۆلێنکراوە، لە پلەی پێنجەم و کۆتـاییشـــــدا لەمیـانەی نـاوەڕۆکی ژینگەیی بەرهەمەکاندا (ڕۆژی جیهانی ژینگە) هاتوە، ئەمەش بەگوێرەی بەهای ناوەندی ژمێرەیی گرنگیپێدانەکە کە بریتیە لە (٢.٣٥) پۆلێنکراوە.

لەسەرئاستی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ گرنگیپێدانیان بەچیەتی بابەتی ژینگەیی لە بەرهەمە ژینگەییەکاندا ســـــەرجەمی کەناڵەکان بە پلەی یەکەم گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی (دیمەنی ســـــروشـــــتی) داوە و بە بەراورد بە بابەتەکانی تر (دیمەنی سروشتی) لەسەرجەم کەناڵەکان لە پلەی یەکەمدایە، لەو ڕوانگەوە کەناڵی (Gav Tv) بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی ٦٥.٥٢% و بەدووبارەبونەوەی ١٥٢ بەرهەم لە کۆی ٢٣٢ بەرهەمی ژینگەیی گرنگی بە ناوەڕۆکی (دیمەنی ســـــروشـــــتی) داوە، بە پلەی دوەمیش گرنگی بە (گەشـــــەپێدانی ژینگەیی) داوە بەڕێژەی ١٥,٠٩% و بە دوبارەبونەوەی ٣٥ بەرهەم.

هاوکات کەناڵی (Kurdsat web Tv)یش بەپلەی یەکەم و بەرێژەی ٤٧,٧٩% و بە دوبارەبونەوەی ١٣٠ بەرهەم لە کۆی ٢٧٢ بەرهەمی ژینگەیی گرنگی بە ناوەڕۆکی (دیمەنی سـروشـتی) داوە، هەروەها بە پلەی دوەمیش گرنگی بە (هۆشیاری ژینگەیی) داوە بەرێژەی ٢٠,٥٩% و بە دوبارەی ٥٦ بەرهەم.

لەبەرانبەردا کەناڵی (Rudaw web Tv) بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی ٥٢,٧١ % و بە دوبارەبونەوەی ١٣٧ بەرهەم لە کۆی ٢٥٨ بەرهەم گرنگی بە ناوەرۆکی (دیمەنی سروشتی) داوە، هەروەها بە پلەی دوەمیش گرنگی بە (ڕوداوی ژینگەیی) داوە بەڕێژەی ١٧,٤٤% و بەدوبارەی٤٥ بەرهەمی ژینگەیی.

لەلایەکی ترەوە کەناڵی (Halabja web Tv) بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی ٧٦,٤٣ % و بەدوبارەبونەوەی ٢٢٧ بەرهەم لە کۆی ٢٩٧ بەرهەمی ژینگەیی گرنگی بە ناوەرۆکی (دیمەنی سروشتی) داوە، هەروەها بە پلەی دوەمیش گرنگی بە (گەشەپێدانی ژینگەیی) داوە بەڕێژەی ٩,٧٦% و بە دوبارەبونەوەی ٢٩ بەرهەمی ژینگەیی.

**دەستەی سێیەم. پەیوەستی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە:**

بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەستی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە توێژەران بە پێویستیان زانی کە دەستەی (بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی) دابەشبکەن بۆ سێ یەکەی سەرەکی کە بریتین لە (بنەما مەعریفییەکان، بنەما دامەزراوەییەکان، بنەما کۆمەڵایەتییەکان)، لەو ڕوانگەوە توێژەران لە هەڵاوێرکردنی بەرهەمەکاندا ڕادەی پەیوەستی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکانیان بە هەریەکە لەو بنەمایانە خستۆتەڕو، لەوبارەوە بۆیان دەرکەوتوە کە (بنەمای مەعریفی بونیادی کلتوری ژینگەیی) زۆرترین ڕادەی گرنگیپێدانی هەیە لەسەر ئاستی هەر چوار کەناڵەکە بە دوبارەبونەوەی٧٨٠ بەرهەم وبەڕێژەی ٧٣,٦٥% بە ناوەندەژمێرەیی ٢,٦٢ و لادانی پێوانەیی ١,١٥ کە ئەمەش ڕادەی گرنگیپێدانە بە ئاستی (زۆرباش).

لەلایەکی ترەوە لەپلەی دوەمیشدا (بنەما کۆمەڵایەتییەکان) بە دوبارەبونەوەی ١٥٣ بەرهەم لە کۆی ١٠٥٩ بەرهەم و بەڕێژەی ١٤,٤٥% بە ناوەندە ژمێرەیی ٢.٤٨ و لادانی پێوانەیی ١,٠٢. هاتوە کە ئەمەش ڕادەی گرنگیپێدانە بە ئاستی (باش).

لەبەرانبەردا (بنەما دامەزراوەییەکان) لەپلەی سێیەم و کۆتاییدا هاتوە بە دوبارەبونەوەی ١٢٦ بەرهەم لە کۆی ١٠٥٩ بەرهەم و بەڕێژەی ٩,١١ % بەناوەندەژمێرەیی ٢.٤٨ و لادانی پێوانەییی ٠,٩٧. کە ئەمەش بە ئاستی گرنگیپێدانی (باش) دێتە ئەژمار، وەک لە خشتەی (٣)دا خراوەتەڕو.

**خشتەی (٣): ڕادەی پەیوەستی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە:**

| کەناڵ / بنەماکان | Gav Tv | | Kurdsat web Tv | | Rudaw web Tv | | Halabja web Tv | | کۆی گشتی | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| مەعریفییەکان | ١٧٧ | 76.29 | ١٨٦ | 68.38 | ١٧٠ | 65.89 | ٢٤٧ | 83.16 | 780 | 73.65 | 2.62 | 1.15 | 1 |
| دامەزراوەییەکان | ٢٣ | 9.91 | ٤٠ | 14.71 | ٤٣ | 16.67 | ٢٠ | 6.73 | 126 | 11.90 | 2.48 | 0.97 | 3 |
| کۆمەلایەتییەکان | ٣٢ | 13.79 | ٤٦ | 16.91 | ٤٥ | 17.44 | ٣٠ | 10.10 | 153 | 14.45 | 2.48 | 1.02 | ٢ |
| کۆ | ٢٣٢ | ١٠٠ | ٢٧٢ | ١٠٠ | ٢٥٨ | ١٠٠ | ٢٩٧ | ١٠٠ | 1059 | 100 | 2.59 | 1.11 | |

لە خشـــتەی (٣) ڕادەی پەیوەســـتی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکە بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی وەک یەکەی شیکاری دەستەی دوەم خراوەتەڕو، دەرکەوتوە کە هەر چوار کەنـاڵی ســـــامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم گرنگیـان بە (بنەمـای مەعریفی بونیـادی کلتوری ژینگەیی) داوە بەجیاوازی ئاستی گرنگیێیدانی هەر کەناڵێک.

لەو بارەوە گرنگیپێدانی (Gav Tv) بە بنەمای مەعریفی بە دوبارەبونەوەی ١٧٧ جارلە کۆی ٢٣٢ بەرهەم هاتوە کە دەکاتە 76.29% و لە پلەی یەکەمدایە، هەروەها لە بایەخپێدانی کەناڵی (Kurdsat web Tv) بە دوبارەبونەوەی ١٨٦ جار لە کۆی ٢٧٢ بەرهەم هاتوە کە دەکاتە 68.38% و پلەی یەکەمە، لەبەرانبەردا لە گرنگیپێدانی کەناڵی ( Rudaw web Tv) دا بە دوبارەبونەوەی١٧٠ جار لە کۆی ٢٥٨ بەرهەمی (بنەمای مەعریفی) هاتوە کە دەکاتە 65.89% و لەپلەی یەکەمدایە، لەلایەکی ترەوە (Halabja web Tv) بە دوبارەبونەوەی ٢٤٧ جار لە کۆی ٢٩٧ بەرهەم هاتوە کە دەکاتە 83.16% و پلەی یەکەمە لەناو بنەماکانی تردا.

ڕاڤەی ســـەرەوە ئەوە نیشـــان دەدات کە ئەگەر چی ســـەرجەمی کەناڵەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکە لەپلەی یەکەمدا گرنگیان بە (بنەما مەعریفییەکان) داوە، بەڵام کەناڵی (Halabja web Tv) بەڕێژەی 83.16% بە بەراورد بە کەناڵە کانی تر لە پلەی یەکەمی گرنگیپێداندایە بە (بنەما مەعریفییەکان)ی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

هەر لەسەر ئاستی پۆلێنی گرنگیپێدانی بنەماکانی کلتوری ژینگەیی لەسەر بنەمای کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، وا دەرکەوتوە کە هەر چوار کەنـاڵەکەی ســـــامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی دوەم گرنگییـان بە (بنەمـای کۆمەڵایەتی کلتوری ژینگەیی) داوە هەریەک لە ئاستی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە کەناڵی (GavTv) دا بە دوبارەبونەوەی ٣٢جـار لە کۆی ٢٣٢ بەرهەم، گرنگیپێدان بە (بنەمـا کۆمەڵایەتییەکـان) هاتوە کە دەکاتە 13.79% و پلەی دوەمە، هەروەها لەکەناڵی (Kurdsat webTv)دا بە دوبارەبونەوەی ٤٦ جار لە کۆی ٢٧٢ بەرهەمهاتوە کە دەکاتە 16.91% و پلەی دوەمە، لەپلەی ســـێیەمدا کەناڵی (Rudaw web Tv) بە

دووبارەبونەوەی ٤٥ جار لە کۆی ٢٥٨ بەرهەمهاتوە کە دەکاتە 17.44% و پلەی دووەمە، لەبەرامبەردا کەناڵی (Halabja web Tv) بە دوبارەبونەوەی ٣٠ جار لە کۆی ٢٩٧ بەرهەمهاتوە کە دەکاتە 10.10% و لە پلەی دوەمدایە. بەتێڕامان لە داتا ڕاڤەکراوەکانی سەرەوە بۆ توێژەر دەردەکەوێت کە ئەگەرچی سەرجەمی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەپلەی دوەمدا گرنگیان بە بنەما کۆمەڵایەتییەکان داوە، بەڵام کەناڵی (Rudaw web Tv) بەڕێژەی17.44% بە بەراورد بە کەناڵەکانی تر لە پلەی یەکەمی گرنگیپێداندا هاتوە بە (بنەما کۆمەڵایەتییەکان)ی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

سەبارەت بە بنەما دامەزراوەییەکان و گرنگیپێدانی وەک بنەمایەکی کلتوریی ژینگەیی لەسەر بنەمای کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، وادەرکەوتوە کە هەر چوار کەناڵەکەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی سێیەم و کۆتایی گرنگییان بە (بنەما دامەزراوەییەکان)ی بونیادنانی ژینگەیی داوە، هەریەک لەئاستی خۆی بەم شێوازەی خوارەوە: لەکەناڵی (Gav Tv)دا بە دوبارەبونەوەی ٢٣جار لە کۆی ٢٧٢ بەرهەمهاتوە کە دەکاتە 9.91% و لە پلەی سێیەمدایە، هەروەها لەکەناڵی (Kurdsat web Tv)دا بە دوبارەبونەوەی ٤٠ جار لە کۆی ٢٧٢ بەرهەمهاتوە کە دەکاتە 14.71% و پلەی سێیەمی وەرگرتوە.

لەبەرامبەردا کەناڵی (Rudaw web Tv) بە دوبارەبونەوەی ٤٣ جار لە کۆی ٢٥٨ بەرهەمهاتوە کە دەکاتە 16.67% و پلەی سێیەمە، لەبەرامبەردا (Halabja web Tv) بە دوبارەبونەوەی ٢٠ جار لە کۆی ٢٩٧ بەرهەمهاتوە کە دەکاتە 6.73 % و پلەی سێیەمە.

ڕاڤەی پێشو ئەوە نیشان دەدات ئەگەرچی سەرجەمی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەپلەی سێیەمدا گرنگیان بە (بنەما دامەزراوەییەکان)ی کلتوری ژینگەیی داوە، بەڵام کەناڵی (Rudaw web Tv) بەڕێژەی 16.67% بە بەراورد بە کەناڵەکانی تر، لە پلەی یەکەمی گرنگیپێداندایە بە (بنەما دامەزراوەییەکان)ی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

لەم ئەنجامانەوە بۆ توێژەران دەردەکەوێت هەروەک چۆن لەسەر ئاستی گشتی گرنگیپێدانی (بنەما مەعریفییەکان)ی ژینگە لەهەر بنەمایەکی تر زیاتر جێگەی بایەخە، لەسەر ئاستی هەر کەناڵێکیش (هەمان بنەما) جێگەی بایەخەو لەپلەی پێشەوەدایە بەڕێژەی جیاواز، بەدوای ئەودا گرنگیپێدان بە (بنەما کۆمەڵایەتییەکان) هاتوە، پاشان (بنەما دامەزراوەییەکان)، ئەمەش نیشانی دەدات کە تاکو ئێستا تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی نەیتوانیوە لە (چوارچێوەیەکی دامەزراوەییدا) گرنگی بە ژینگە بدات، بەڵکو لە پلەی سەرەتای کارکردندا زیاتر کاریان لەسەر (بەخشینی مەعریفەی ژینگەیی) و (بنەما کۆمەڵایەتییەکان)ی ژینگە کردوە، لەو سۆنگەوە توێژەران پێیانوایە لەبەرئەوەی (بنەمای دامەزراوەیی) لە ڕوی گرنگیپێدانی میدیاییەوە لە ئاستی نزمدایە، کەواتە ئاستی میدیای حکومی و نیشتیمانی زۆر لاوازە سەبارەت بەو بوارە، هاوکات دامەزراوە ژینگەییە حکومی و مەدەنی و زانستیەکانیش وەک پێویست چالاکی ژینگەییان نەبوەو هاوکات هەماهەنگیان لەگەڵ کەناڵە تەلەڤیزیۆنە

دیجتاڵییەکاندا لەئاستی پێوستدا نەبوە، لەکاتێکدا ئەرکی دەوڵەت و دامەزراوە حکومی و مەدەنی و زانستییەکانی لەبنەڕەتدا زیاتر گەشەپێدانە بە بنەما دامەزراوەییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

**یەکەی یەکەم: پەیوەستی بابەتیی بەرهەمە ژینگەییەکان بە بنەما مەعریفییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی**:

یەکەی بنەما مەعریفییەکانی بونیادی کەلتوری ژینگەیی کە دابەشکراوە بەسەرچەندین بڕگەی جیاوازدا کە بابەتی پەیوەستداری ناوەرۆکی ژینگەیی بەرهەمەکانە و بریتین لە بڕگەکانی (پەروەردەی ژینگەیی، ڕۆشنبیری ژینگە یی، هۆشیاری ژینگەیی، گەشتیاری ژینگەیی) کە بە بابەت ناوبراون وپەیوەستیەکی بەهێزیان بە بابەتە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکەوەهەیە، وەک ئەوەی لە خشتەی (٣) دا خراوەتەڕو.

توێژەران بۆئەم بابەتە چەندین(بڕگە) یان لەسەر بنەمای بابەتەکانی (بنەما مەعریفییەکانی بونیادی کەلتوری ژینگەیی) خستۆتەڕو و شیکاری بابەتەکانی پەیوەست بە بنەما مەعریفییەکانی بونیادی کلتوری ژینگەیی کردوە تاکو بایەخپێدانی هەریەکە لەو بابەتانە بخاتەڕو.

بەپێی زانیارییەکان کە دەست توێژەران کەوتوە بڕگە شیکارییەکان کە ئەو بابەتانە دەگریتەوە کە لە ناوەرۆکی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵیانەی باسکراون پەیوەستی تەواویان بە یەکەی (بنەما مەعریفییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی)ەوە هەیە کۆی گشتییان ٧٨٠ بەرهەمە لەو ژمارەیە بەپلەی یەکەم بابەتی (گەشتیاری ژینگەیی) هاتوە بەدوبارەبونەوەی 489 بابەت و ڕێژەی 62.69% هەمو بابەتەکانی پەیوەست بە بنەما مەعریفییەکان، ئەمەش ئاستێکی (زۆرباش)ە وەک لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.76 و لادانی پێوانەیی 1.18.

بەپلەی دوەم بابەتی (هۆشیاری ژینگەیی) ڕیزبەند کراوە بەدوبارەبونەوەی ١٤٠ بەرهەم و بەڕێژەی 17.95%ی هەمو بابەتەکانی پەیوەست بە بنەما مەعریفییەکان، ئەمەش (ئاستیکی باش)ە کە لە ناوەندەژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.42 و لادانی پێوانەیی 0.98.

لەبەرامبەردا پلەی سێیەم تەرخانکراوە بۆ بابەتی (ڕۆشنبیری ژینگەیی) ئەویش بەگوێرەی دوبارەبونەوەی ١٠٧ بەرهەم و بەڕێژەی 13.72%ی هەمو بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکانی پەیوەست بە (بنەما مەعریفییەکان)، ئەمەش (ئاستێکی باش)ە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.36 و لادانی پێوانەیی 1.19.

هاوکات بابەتی (پەروەردەی ژینگەیی) بەپلەی چوارەم هاتوە ئەویش بە دوبارەبونەوەی ٤٤ بەرهەم و بەڕێژەی 5.64 %ی هەمو بەرهەمەکانی پەیوەست بە بنەما مەعریفییەکان، ئەمەش ئاستێکی نزمە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.41 و لادانی پێوانەیی1.01. وەک لە خشتەی (٤)دا خراوەتەڕو.

**خشتەی(٤): ڕادەی پەیوەستی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوە بە بنەما مەعریفییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە :**

| کەناڵەکان / بنەما مەعریفییەکان | Gav Tv | | Kurdsat web Tv | | Rudaw web Tv | | Halabja web Tv | | کۆ | | ناوەندی [illegible] | لادانی پێوانەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| پەروەردەی ژینگەیی | ١٠ | 5.65 | ١٣ | 6.99 | ١٤ | 8.24 | ٧ | 2.83 | 44 | 5.64 | 2.41 | 1.01 | ٤ |
| ڕۆشنبیری ژینگەیی | ٣٧ | 20.90 | ٢١ | 11.29 | ٢٢ | 12.94 | ٢٧ | 10.93 | 107 | 13.72 | 2.36 | 1.19 | ٣ |
| هۆشیاری ژینگەیی | ٢٥ | 14.12 | ٥٦ | 30.11 | ٣٤ | 20.00 | ٢٥ | 10.12 | 140 | 17.95 | 2.42 | 0.98 | 2 |
| گەشتیاری ژینگەیی | ١٠٥ | 59.32 | ٩٦ | 51.61 | ١٠٠ | 58.82 | ١٨٨ | 76.11 | 489 | 62.69 | 2.76 | 1.18 | 1 |
| کۆ | ١٧٧ | 100 | ١٨٦ | 100 | ١٧٠ | 100 | ٢٤٧ | 100.00 | 780 | 100 | 2.62 | 1.15 | |

لە خشـــتەی (٤) دا پۆلینی گرنگیپێدانی بەرهەمەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی ســـامپڵی توێژینەوە بە (بنەما مەعریفییەکانی کلتوری ژینگەیی) لەسەر ئاستی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا بەپێ هەریەکە لە بابەتەکان بەم شێوەیە ڕونکراوەتەوە:

**بڕگەی یەکەم: گەشتیاری ژینگەیی:**

وادەرکەوتوە کە هەر چوار کەناڵەکەی ســـامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم گرنگییان بە بابەتی (گەشـــتیاری ژینگەیی) داوە هەریەکەیان لە ئاستی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە:

بابەتی (گەشـــتیاری ژینگەیی) لە کەناڵی (Gav Tv)دا بەدوبارەبونەوەی ١٠٥ جار لە کۆی ١٧٧ بەرهەمی بنەمای مەعریفی، هاتوە کە دەکاتە ڕێژەی 59.32% و پلەی یەکەمە، هەروەها لە کەناڵی (**Kurdsat**) دا بابەتی (گەشتیاری) بە دوبارەی ٩٦ جار لە کۆی ١٨٦ بەرهەمی بنەمای مەعریفی هاتوە کە دەکاتە 51.61% و لە پلەی یەکەم دایە.

لەبەرانبەردا لەکەناڵی (**Rudaw web Tv**) دا بابەتی (گەشـــتیاری ژینگەیی) بەدوبارەبونەوەی ١٠٠ جار لە کۆی ١٧٠ بەرهەمی بنەمای مەعریفی بە ڕێژەی 58.82 % ولە پلەی یەکەمدا هاتوە، لەبەرامبەردا لە کەناڵی (**Halabja web Tv**) دا بابەتی (گەشـــتیاری ژینگەیی) بەدوبارەبونەوەی ١٨٨جار لە کۆی ٢٤٧ بەرهەمی بنەمای مەعریفی هاتوە کە دەکاتە ڕێژەی 76.11 ٪ و پلەی یەکەمی وەرگرتوە.

بەسەرنجدانی توێژەر لەڕاڤەی پێشو دەردەکەوێت کە ئەگەرچی سەرجەمی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەناو بابەتەکانی بنەما مەعریفییەکاندا بەپلەی یەکەم گرنگیان بە بابەتی (گەشتیاری ژینگەیی) داوە بەڵام کەناڵی ( **Halabja**

web Tv) بەڕێژەی 76.11 ٪ بە بەراورد بە کەناڵەکانی تر لە پلەی یەکەمی گرنگیپێداندایە بە بابەتی (گەشـــتیاری ژینگەیی) لەناو بنەما مەعریفییەکاندا.

**برگەی دوەم: هۆشیاری ژینگەیی:**

هەرلەســـەر پۆلێنی گرنگیپێدانی بەرهەمەکـانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتـاڵییەکـانی ســـامپڵی توێژینەوە بە (بنەمـا مەعریفییەکـانی کلتوری ژینگەیی) وا دەرکەوتوە کە دوان لە کەنـاڵەکـانی ســـامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی دوەم گرنگییان بە بابەتی (هۆشیاری ژینگەیی) داوە، هەریەکەیان بەڕێژەیەک بەم شێوەیەی خوارەوە:

کەناڵی (**Kurdsat web Tv**) بەدوبارەبونەوەی ٥٦ بەرهەمی (هۆشیاری ژینگەیی) لە کۆی ١٨٦ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دیجیتـاڵی تـایبەت بە بنەمـای مەعریفی بەڕێژەی 30.11 ٪ بە پلەی دوەم هـاتوە، هـاوکـات کەنـاڵی (**Rudaw web Tv**) بەدوبارەبونەوەی ٣٤ بەرهەمی (هۆشیاری ژینگەیی) لە کۆی ٢٤٧ بەرهەمی بنەمای مەعریفی بەڕێژەی 20.00% و لە پلەی دوەمدا ڕیزبەندکراوە.

لەبەرامبەردا کەناڵی (Gav Tv) بەدوبارەبونەوەی ٢٥ بەرهەمی (هۆشیاری ژینگەیی) لە کۆی ١٧٧ بەرهەمی تایبەت بە بنەما مەعریفییەکان، و بەڕێژەی 14.12% ولە پلەی ســێیەمدا ڕیزبەندکراوە، هاوکات کەناڵی (**Halabja web Tv**) بەدوبـارەبونەوەی ٢٥ بەرهەمی تـایبەت بە (هوشـــیـاری ژینگەیی) لە کۆی ٢٤٧ بەرهەمی بنەمـای مەعریفی ڕیزبەندکراوە، کە دەکاتە ڕێژەی 10.12% و پلەی سێیەمی وەرگرتوە.

**برگەی سێیەم: ڕۆشنبیری ژینگەیی:**

ســەبارەت بە بابەتی (ڕۆشـــنبیری ژینگەیی) و گرنگیپێدانی وەک بنەمایەکی مەعریفی ژینگەیی لەســەر بنەمای کەناڵەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکەدا وا دەرکەوتوە کە دوان لە کەناڵەکەی ســـامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی دوەم گرنگییان بە بابەتەکە داوەو دو کەناڵی تریش بەپلەی سێیەم.

بە جۆرێک کە (Gav Tv) بەدوبارەبونەوەی ٣٧بەرهەمی (ڕۆشـــنبیری ژینگەیی) لە کۆی ١٧٠ بەرهەمی (بنەمای مەعریفی) بەڕێژەی 20.90% و پلەی دوەم هـاتوە، هەروەهـا (**Halabja web Tv**) بەدوبـارەبونەوەی ٢٧ بەرهەمی (ڕۆشنبیری ژینگەیی) لە کۆی ٢٤٧ بەرهەمی بنەمای مەعریفی و بەڕێژەی 10.93 % لە پلەی دوەمدا هاتوە.

هاوکات کەناڵی (**Rudaw web Tv**) بەدوبارەبونەوەی ٢٢ بەرهەمی ڕۆشنبیری ژینگەیی لەکۆی ١٧٠ بەرهەمی تایبەت بنەمای مەعریفی و بەڕێژەی 12.94% و پلەی ســێیەم هاتوە، لەبەرامبەردا (**Kurdsat web Tv**) بە دوبارەبونەوەی ٢١ بەرهەمی (ڕۆشنبیری ژینگەیی) لە کۆی ١٨٦ بەرهەمی بنەمای مەعریفی کە دەکاتە 11.29 %، لە پلەی سێیەمدایە.

لەو ڕوانگەیەوە بابەتی ڕۆشـنبیری ژینگەیی لە هەردو کەناڵی (Gav Tv) و (Halabja web Tv) لە پلەی دوەمدایە و لە کەناڵەکانی (**Rudaw web Tv**) و (**Kurdsat web Tv**) دا لە پلەی ســێیەمدایە، بەڵام زیاتر لە کەناڵەکانی ترکەناڵی ( Gav

Tv) لە میانەی گرنگیدان بە بنەما مەعریفییەکانی کلتوری ژینگەییدا گرنگی زیاتری بە بابەتی (ڕۆشـنبیری ژینگەیی) داوەو لە پلەی یەکەمدایە.

**بڕگەی چوارەم: پەروەردەیی ژینگەیی:**

سـەبارەت بە بابەتی (پەروەردەی ژینگەیی) و گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سـامپڵی توێژینەوە پێی بابەتێکی سـەربە بنەمای مەعریفی ژینگەیی و لەسـەر بنەمای کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا وا دەرکەوتوە کە سـەرجەمی کەناڵەکان بەپلەی چوارەم گرنگییان بە (پەروەردەی ژینگەیی) داوە، بە جۆرێک کە کەناڵی (GavTv) بەدوبارەبونەوەی 10 بەرهەمی (پەروەردەی ژینگەیی) لە کۆی ١٧٧ بەرهەمی تایبەت بە بنەما مەعریفییەکان کە دەکاتە ڕێژەی ٥,٦%، لە پلەی چوارەمدا هاتوە، هەروەها کەناڵی (Kurdsat web Tv) بەدوبارەبونەوەی ١٣ بەرهەمی (پەروەردەیی ژینگەیی) لە کۆی ١٨٦ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی تایبەت بنەمای مەعریفی کە دەکاتە ٦,٩٩ % لە پلەی چوارەمدا ڕیزبەندکراوە.

سـەبارەت بە کەناڵی (Rudaw web Tv)یش بەدوبارەبونەوەی ١٤ بەرهەمی پەروەردەی ژینگەیی لە کۆی ١٧٠ بەرهەمی بنەمای مەعریفی هاتوە کە دەکاتە ٨,٢٤% و لە پلەی چوارەمدا پۆلێنکراوە، لەبەرامبەردا کەناڵی ( Halabja web Tv) بەدوبارەبونەوەی ٧ بەرهەمی (پەروەردەی ژینگەیی) لە کۆی ٢٤٧ بەرهەمی دیجیتاڵی تایبەت بنەمای مەعریفی کە دەکاتە ٨.٢٤ %، لە پلەی چوارەمدا ڕیزبەندکراوە.

لەو گۆشـەنیگایەوەو بەسـەرنجدانی توێژەران دەردەکەوێت کە بابەتی(پەروەردەی ژینگەیی) لە سـەرجەم کەناڵە کانی سـامپڵی توێژینەوەکەدا لە پلەی کۆتاییدایەو کەمترین ئاسـتی گرنگی پێدانی هەیە، بە لام بەراورد بە کەناڵەکانیتر، کەناڵی (Rudaw web Tv) لە پلەی یەکەمدایە بۆ گرنگیدان بە بابەتی پەروەردەی ژینگەیی لە چوارچێوەی بنەما مەعریفییەکانی کلتوری ژینگەییدا.

**یەکەی دوەم: پەیوەستی بەرهەمە ژینگەییەکان بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە:**

بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بونیادی کەلتوری ژینگەیی کە بەگشـتی خۆیان دەبیننەوە لە بابەتەکانی (بەهای ژینگەیی، بەرپرسـیارێتی ژینگەیی، ئینتیمای ژینگەیی وهاوڵاتی ژینگەیی، بەشـداری وهەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگە یی، ڕەفتاری ژینگەیی) دا، پەیوەستیەکی بەهێزی بابەتە ژینگەییەکانی لەگەڵدایە، وەک ئەوەی لە خشتەی (٣)دا خرایەڕو لە ناو بابەتەکانی پەیوەست بە بنەماکانی کلتوری ژینگەی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لە پلەی دوەم دایە، توێژەران بۆ ئەم بابەتە چەندین (یەکە) یان لەسـەر بنەمای بابەتەکانی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بونیادی کەلتوری ژینگەیی خسـتوەتەڕو و شـیکاری بابەتەکانی پەیوەسـت بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بونیادی کلتوری ژینگەییان کردوە تاکو گرنگیپێدانی هەریەکە لەو بابەتانە بخەنەڕو.

بەپێی زانیارییەکان کە دەست توێژەر کەوتوە لەو بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵیانەی کە پەیوەسـتی تەواویان بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە هەیە کە کۆی گشـتیان ١٥٣ بەرهەمە بەپلەی یەکەم بابەتی

(ڕەفتاری ژینگەیی) هاتوە بەدوبارەبونەوەی ٤٧ بەرهەم و بەرێژەی 30.72 % هەمو بابەتەکانی پەیوەست بە بنەمای کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش ئاستێکی (زۆرباش) ە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.43و لادانی پێوانەیی 1.03.

بەپلەی دوەمیش بابەتی (بەهای ژینگەیی) دێت بەدوبارەبونەوەی ٣٢ بەرهەم و بەرێژەی 20.92% هەمو بابەتەکانی پەیوەست بە بنەما کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش (ئاستیکی باش) ە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە2.50 و لادانی پێوانەیی 1.00.

هاوکات بەپلەی سێیەم بابەتی (بەشداری وهەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی) دێت بەدوبارەبونەوەی ٣٠ بەرهەم و بەرێژەی 19.61% هەمو بابەتەکانی پەیوەست بە بنەما کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش (ئاستیکی باش) ە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە2.53 و لادانی پێوانەیی 1.09.

بەپلەی چوارەم بابەتی (ئینتیمای ژینگەیی وهاولاتی ژینگەیی) دێت بەدوبارەبونەوەی ٢٣ بابەت و بەرێژەی 15.03% هەمو بابەتەکانی پەیوەست بە بنەما کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش (ئاستیکی مامناوەند) ە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە2.61و لادانی پێوانەیی 1.01.

ئەوەی دەمێنێتەوە بابەتی (بەرپرسیاریتی ژینگەیی) یە کە لەپلەی کۆتاییدا هاتوە بەدوبارەبونەوەی ٢١ بەرهەم و بەرێژەی 13.73% هەمو بابەتەکانی پەیوەست بە بنەما کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش (ئاستێکی کەم)ە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.33 و لادانی پێوانەیی 0.99. وەک لە خشتەی (٥) دا خراوەتەڕو.

**خشتەی (٥): ڕادەی پەیوەستی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە:**

| کەناڵ / بنەما کۆمەڵایەتییەکان | Gav Tv | | Kurdsat web Tv | | Rudaw web Tv | | Halabja web Tv | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | | | |
| **بەهای ژینگەیی** | ٦ | 18.75 | ٩ | 19.57 | ١١ | 24.44 | ٦ | 20.00 | 32 | 20.92 | 2.53 | 1.00 | 2 |
| **بەرپرسیاریتی ژینگەیی** | ٥ | 15.63 | ٧ | 15.22 | ٦ | 13.33 | ٣ | 10.00 | 21 | 13.73 | 2.33 | 0.99 | 5 |
| **ئینتیمای ژینگەیی و هاووڵاتی ژینگەیی** | ٤ | 12.50 | ٦ | 13.04 | ٨ | 17.78 | ٥ | 16.67 | 23 | 15.03 | 2.61 | 1.01 | ٤ |
| **بەشداری و هەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی** | ٧ | 21.88 | ٨ | 17.39 | ٨ | 17.78 | ٧ | 23.33 | 30 | 19.61 | 2.50 | 1.09 | 3 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕەفتاری ژینگەیی** | ١٠ | 31.25 | ١٦ | 34.78 | ١٢ | 26.67 | ٩ | 30.00 | 47 | 30.72 | 2.43 | 1.03 | ١ |
| کۆ | ٣٢ | 100 | ٤٦ | 100 | ٤٥ | 100 | ٣٠ | 100 | 153 | 100 | 2.48 | 1.03 | |

لە خشتەی (5) دا پۆلێنی گرنگیپێدانی بابەتەکانی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کلتوری ژینگەیی لەسەر ئاستی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای بابەتەکان و بایەخی هەر کەناڵێک بۆئەو بابەتانە بەم شێوەیە خراوەتەڕو:

**بڕگەی یەکەم: ڕەفتاری ژینگەیی:**

هەرچوار کەناڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم گرنگیان بە بابەتی (ڕەفتاری ژینگەیی) وەک بنەمایەکی کۆمەڵایەتی ژینگەیی داوە بە ڕێژەی جیاوازبەم شێوەیەی خوارەوە:

لەناو کەناڵەکانی سـامپڵی توێژینەوەدا کەناڵی (Kurdsat web Tv) بەپلەی یەکەم دێت لە گرنگیپێدان بە بابەتی (ڕەفتاری ژینگەیی) بە دوبارەبونەوەی ١٦ جار لە کۆی ٤٦ بابەتی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی 34.78%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما کۆمەڵایەتییەکان.

بەپلەی دوەم کەناڵی (Gav Tv) گرنگی بە بابەتی (ڕەفتاری ژینگەیی) داوە بەدوبارەبونەوەی ١٠ بەرهەمی تایبەت بە(ڕەفتاری ژینگەیی) لە کۆی ٣٢ بابەتی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی 31.25% کۆی بەرهەمەکانی بنەما کۆمەڵایەتییەکان.

لە دوای ئەویش (Halabja web Tv) دێت بەدوبارەبونەوەی ٩ بەرهەمی ڕەفتاری ژینگەیی لە کۆی ٣٩ بەرهەمی تایبەت بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی 30.00%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما کۆمەڵایەتییەکان.

لەپلەی کۆتایشدا کەناڵی(Rudaw web Tv) یە کە بەراورد بەکەناڵەکانی ترگرنگیپێدانی بە بابەتی (ڕەفتاری ژینگەیی) وەک بنەمایەکی کۆمەڵایەتی ژینگەیی لە پلەی کۆتایی دایە بە دوبارەبونەوەی ١٢ بەرهەمی (ڕەفتاری ژینگەیی) لە کۆی ٤٦ بەرهەمی بنەما کۆمەڵایەتییەکان، کە دەکاتە ڕێژەی 26.67% کۆی بەرهەمەکانی بنەما کۆمەڵایەتییەکان.

**بڕگەی دوەم: بەهای ژینگەیی**

گرنگیدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکانی سـامپڵی توێژینەوەکە بە بابەتی (بەهای ژینگەیی) وەک بنەمایەکی کۆمەڵایەتی ژینگەیی لەهەردو کەناڵی (Kurdsat web Tv) و (Rudaw web Tv) بەپلەی دوەم دێت لەڕوی گرنگیپێدانەوە، لەو نێوەندەشدا کەناڵی (Rudaw web Tv) لە پێشـترە بەدوبارەبونەوەی ١١ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لەکۆی

٤٥ بەرهەمی (بنەما كۆمەڵایەتییەكان) بەڕێژەی 24.44%، هەروەها كەناڵی (Kurdsat web Tv) بەدووبارەبونەوەی ٩ بابەت لە كۆی ٤٦ بابەت و بەڕێژەی 19.57% و بەپلەی دوەم هاتوە.

هەروەها بابەتی (بەهای ژینگەیی) لە هەردو كەناڵی (Gav Tv) و (Halabja web Tv) لە ڕوی گرنگی پێدانەوە لە پلەی سێیەمدایە، لە ناو ئەو دو كەناڵەشدا كەناڵی (Halabja web Tv) لە پێشترە بەدووبارەبونەوەی ٦ بەرهەم لە كۆی ٣٠ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی بنەما كۆمەڵایەتییەكان بەڕێژەی 20.00%، هەروەها كەناڵی (Gav Tv) بەدووبارەبونەوەی ٦ بەرهەم لە كۆی ٣٢ بەرهەم و بەڕێژەی 18.75% گرنگی بە (بەهای ژینگەیی) داوە لە پلەی سێیەم و لە دوای كەناڵی (Halabja web Tv) یەوەیە.

**بڕگەی سێیەم: بەشداری وهەرەوەزی بۆ خزمەتی ژینگەیی**

بابەتی (بەشداری و هەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی) و (ئینتمای ژینگەیی و هاووڵاتی ژینگەیی) دو لەو بابەتانەن كە لە پلەی (سێیەم و چوارەم) دان ئەگەرچی ئەم ئاستە بەپێی كەناڵەكان دەگۆڕێت، بەدیاریكراوی لە هەردو كەناڵی(Gav Tv) و(Halabja web Tv) بابەتی (بەشداری و هەرەوەزی بۆ خزمەتی ژینگەیی) لە پلەی دوەم دایەو كەناڵی (Halabja web Tv) بە دوبارەبونەوەی ٧بەرهەم لە ٣٠ بەرهەمی تایبەت بە بنەمای كۆمەڵایەتی و بەڕێژەی 23.33% لە پێشترە، بەڵام لە هەردو كەناڵی (Kurdsat web Tv) و (Rudaw web Tv) لە پلەی سێیەمدان، هەروەها بابەتی (ئینتمای ژینگەیی و هاووڵاتی ژینگەی) لە سەرجەم كەناڵەكانی سامپڵی توێژینەوەكەدا لە پلەی چوارەمدایە، بەڵام كەناڵی (Rudaw web Tv) لەپێشترە بە دوبارەبونەوەی ٨ بەرهەم لە ٤٥ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەمای كۆمەڵایەتی كلتوری ژینگەیی بە ڕێژەی (17.78%) لە پێشترە لە كەناڵی (Kurdsat web Tv) بەڕێژەیەكی زۆر كەم.

**بڕگەی چوارەم: بەرپرسیارێتی ژینگەیی:**

ئەوەی دەمێنێتەوە بابەتی (بەرپرسیاریەتی ژینگەیی)ە كە لەپلەی كۆتاییدا دێت لە ئاستی گشتیدا و لەهەردو كەناڵی (Kurdsat web Tv) و (Gav Tv) دا لە پلەی پێشەوەدایە كە بە ڕێژەیەكی زۆر كەم جیاوازییان هەیە، ئەویش بەدوبارەبونەوەی ٧ بەرهەم لە كۆی ٤٧ بەرهەمی بنەمای كۆمەڵایەتی كلتوری ژینگەیی بە ڕێژەی 15.22% بۆ كەناڵی (Kurdsat web Tv) و دوبارەبونەوەی ٥ بەرهەم لە كۆی ٣٢ بەرهەم و بەڕێژەی 15.63% بۆ كەناڵی ( Gav Tv)، وەک لە خشتەی (٥) دا خراوەتەڕو.

**یەكەی سێیەم: پەیوەستی بەرهەمە ژینگەییەكان بە بنەما دامەزراوەییەكانی بونیادنانی كلتوری ژینگەییەوە:**

دەستەی بنەما دامەزراوەییەكانی بونیادی كلتوری ژینگەیی كە پۆلێنكراوە بۆ چەند بڕگەیەک كە بەگشتی بریتین لە بابەتەكانی (ناوەندە زانستیەكانی تایبەت بە ژینگە، لایەنی حكومی پەیوەندیداربە بواری ژینگە، ڕێكخراوە مەدەنیە ژینگەییەكان، ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی، ئاسایشی ژینگەیی، تەندروستی ژینگەیی، یاسای ژینگەیی) كە پەیوەستیەكی بەهێزی میدیایی بۆ بابەتە ژینگەییەكانی بنەمای دامەزراوەییەكانی كلتوری ژینگەیی هەیە، وەک

ئەوەی لە خشـــتەی (٣) دا خرایەڕو لە ناو بابەتەکانی پەیوەســـت بە بنەماکانی کلتوری ژینگەیی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لە پلەی سێیەمدایە.

توێژەران بۆئەم بابەتە چەندین (یەکە) ی‌ان لەســەر بنەمای بابەتەکانی بنەما دامەزرا وەییەکانی بونیادی کەلتوری ژینگەیی خســتوەتەرو وشــیکاری بابەتەکانی پەیوەســت بە بنەما دامەزراوەیەکانی کلتوری ژینگەیی کردوە تاکو بتوانێت گرنگیپێدانی هەریەکە لەو بابەتانە بخاتەڕو.

بەپێی زانیاریەکان کە دەســت توێژەران کەوتون لەو بەرهەمە تەلەڤیزیۆنیانەی کە پەیوەســتی تەواویان بە بنەما دامەزراوەییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە هەیە کە کۆی گشــتیان ١٢٦ بەرهەمە بەپلەی یەکەم بابەتی (تەندروســتی ژینگەیی) دێت بەدوبارەبونەوەی ٣٧ بەرهەم و بەڕێژەی 29.37 %ی هەمو بەرهەمە تەلەڤیز یۆنیە دیجیتاڵیەکانی پەیوەســت بە بنەما دامەزراوەییەکانەوە، ئەمەش ئاســتێکی (زۆرباش)ە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.49 و لادانی پێوانەیی 1.06.

هەروەهــا بەپلەی دوەم بــابەتی (ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکــان) هــاتوە بەدوبــارەبونەوەی ٢٦ بەرهەم و بەرێژەی20.63%ی هەمو بەرهەمەکانی پەیوەســـت بە بنەما دامەزراوەییەکان، ئەمەش ئاســـتێکی( زۆر باش) ی هەیە کە لە ناوەندەژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.50 و لادانی پێوانەیی 1.01.

هەروەها بابەتی (لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە) بە( پلەی سێیەم) دێت بەدوبارەبونەوەی ٢٥ بەرهەم و بەڕێژەی 19.84%ی هەمو بەرهەمەکانی پەیوەســت بە بنەما دامەزراوەییەکان، ئەمەش (ئاســتێکی زۆرباش)ی هەیە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.32 و لادانی پێوانەیی 1.01.

لەلایەکی ترەوە بەپلەی چوارەم بابەتی( ئاســـــایشـــــی ژینگەیی) دێت بەدوبارەبونەوەی ١٢ بەرهەم و بەڕێژەی 9.52%ی هەمو بابەتەکانی پەیوەســت بە بنەما دامەزراوەییەکان، ئەمەش (ئاســتێکی باش) ی هەیە کە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.58 و لادانی پێوانەیی 0.76.

هاوکات هەریەکە لە بابەتەکانی (ناوەندە زانســتییەکانی تایبەت بە ژینگە) و(یاســای ژینگەیی) بە پلەی پێنجەم دێن بەدوبارەبونەوەی ١٠ بەرهەم و بەڕێژەی ســەدی 7.94%، ئەمەش ئاســتێکی (نزم)ە کە لە ناوەندەژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 2.65 و لادانی پێوانەیی 0.80.

لە دواین پلەدا (بابەتی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی) دێت بەدوبارەبونەوەی ٢بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی و بە ڕێژەی ســەدی 1.59%، ئەمەش ئاســتیکی (زۆر نزم) ەکە لە ناوەندە ژمێرەییەکەیدا دەردەکەوێت بە 3 و لادانی پێوانەیی سفر.

بەتێڕامان لەداتاکانی خشــتەی (٦) بۆ توێژەران دەردەکەوێت کە هەردو بابەتی (تەندروســـتی ژینگەیی) و (کارو چالاکی ڕێکخراوە مەدەنییە ژینگەییەکان) لەپێشـــەوەی گرنگیپێدانی کەناڵە لەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی ســـامپڵی

توێژینەوەکەدان بەبەراورد بە بابەتەکانی تری پەیوەســـت بە  بنەمای دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، ئەمەش لەڕوانگەی ڕێژەی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە ژینگەییەکانەوە دەردەدەکەوێت، وەک لە خشتەی (٦) دا خراوەتەڕو.

**خشتەی (٦): ڕادەی پەیوەستی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بنەما دامەزراوەییەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەییەوە:**

| کەناڵ / بنەما کۆمەڵایەتییەکان | Gav Tv | | Kurdsat web Tv | | Rudaw web Tv | | Halabja web Tv | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| ناوەندە زانستییەکانی تایبەت بە ژینگە | ١ | 4.35 | ٣ | 7.50 | ٥ | 11.63 | ١ | 5 | 10 | 7.94 | 2.65 | 0.80 | ٥ |
| لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە | ٧ | 30.43 | ٦ | 15 | ٩ | 20.93 | ٣ | 15 | 25 | 19.84 | 2.32 | 1.01 | ٣ |
| ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان | ٥ | 21.74 | ٨ | 20 | ٨ | 18.60 | ٥ | 25 | 26 | 20.63 | 2.50 | 1.01 | ٢ |
| ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | 4.65 | ٠ | ٠ | 2 | 1.59 | 3.00 | 0.00 | ٦ |
| ئاسایشی ژینگەیی | ١ | 4.35 | ٤ | 10 | ٦ | 13.95 | ١ | 5 | 12 | 9.52 | 2.58 | 0.76 | ٤ |
| تەندروستی ژینگەیی | ٨ | 34.78 | ١١ | 27.5 | ١٠ | 23.26 | ٨ | 40 | 37 | 29.37 | 2.49 | 1.06 | ١ |
| یاسای ژینگەیی | ١ | 4.35 | ٣ | 7.50 | ٤ | 9.30 | ٢ | 10 | 10 | 7.94 | 2.65 | 0.90 | ٥ |
| کۆ | ٢٣ | 100 | ٤٠ | 100 | ٤٣ | 100 | ٢٠ | 100 | 126 | 100 | 2.48 | 0.97 | |

خشـــتەی (٦) تـایبـەتە بە پۆلینی گرنگیپێدانی بەرهەمەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکە (بڕگە)کانی (یەکە)ی بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی لەســـەر ئاســـتی کەناڵەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکە

دەریدە خات کە گرنگیپێدانی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ هەریەکە لە و بڕگانەی کە دیاریکراوە و بەبابەت ناوبراون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**بڕگەی یەکەم: تەندروستی ژینگەیی:**

هەرچوار کەناڵەکەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم گرنگییان بە بابەتی (تەندروستی ژینگەیی) وەک بنەمایەکی دامەزراوەیی کلتوری ژینگەیی داوە هەریەک لە ئاستی خۆی بە ڕێژەی جیاواز.

لەناو کەناڵەکانیشدا کەناڵی (Halabja web Tv) بەپلەی یەکەم هاتوە لە گرنگیپێدانی بە بابەتی (تەندروستی ژینگە یی) بە دوبارەبونەوەی ٨ بەرهەمی تەندروستی ژینگەیی لە کۆی ٢٠ بەرهەمی بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەی، کە دەکاتە ڕێژەی٤٠% ی کۆی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکانی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکان.

هاوکات بەپلەی دوەم کەناڵی (Gav Tv) گرنگی بەبابەتی (تەندروستی ژینگەیی) داوە بەدوبارەبونەوەی ٨ بەرهەمی (تەندروستی ژینگەیی) لە کۆی ٢٣ بەرهەمی بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی 34.78% لە کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

لەپلەی سێیەمیشدا گرنگیپێدانی کەناڵی (Kurdsat web Tv) بە بابەتی (تەندروستی ژینگەیی) هاتوە، ئەویش بەدوبارەبونەوەی ١١ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە (تەندروستی ژینگەیی) لە کۆی ٤٠ بەرهەمی بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی 27.5 % کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

لەپلەی کۆتایشدا کەناڵی (Rudaw web Tv) هاتوە بەدوبارەبونەوەی ١٠ بەرهەمی تەندروستی ژینگەیی لە کۆی ٤٣ بەرهەمی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی ژینگە، کە دەکاتە ڕێژەی 23.26 % کۆی بەرهەمەکانی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکان.

**بڕگەی دوەم: ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان**

هەردو کەناڵی (Gav Tv) و (Halabja web Tv)ی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم گرنگییان بە بابەتی (ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان) وەک بنەمایەکی دامەزراوەیی کلتوری ژینگەیی داوە، هەریەک لە ئاستی خۆی بە ڕێژەی جیاواز، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لەناو کەناڵەکانیشدا کەناڵی (Halabja web Tv) بەپلەی یەکەم دێت لە گرنگیپێدانی بە بابەتی (ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان) بەدوبارەبونەوەی ٥ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە (ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان) لە کۆی ٢٠ بەرهەمی بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی٢٥%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

هەروەها کەناڵی (Gav Tv) بەپلەی دوەم هاتوە بەدوبارەبونەوەی ٥ بەرهەمی (ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان) لە کۆی ٢٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بنەما بە (دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی)، کە دەکاتە ڕێژەی ٢١.٧٤%ی کۆی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکانی تایبەت بنەما دامەزراوەییەکان.

هەرچی کەناڵی (Kurdsat web Tv) و (Rudaw web Tv)یشە بۆگرنگیدان بە بابەتی (ڕێکخراوە مەدەنییە ژینگەییەکان) لە (پلەی سێیەم) دا گرنگیان بەو بابەتە داوە بەجۆرێک کە (Kurdsat web Tv) بەدوبارەبونەوەی ٨ بەرهەمی تایبەت بە (ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان) لە کۆی ٤٠ بەرهەمی بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی٢٠% کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان لە پێشترە لە کەناڵی(Rudaw web Tv) کە بەدوبارەبونەوەی ٨ بەرهەمی تالەڤیزیۆنی دەبارەی (ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان) لە کۆی ٤٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی 18.60% ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

**بڕگەی سێیەم: لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە:** هەردو کەناڵی (Gav Tv) و(Rudaw web Tv) بۆ گرنگیدان بە بابەتی (لایەنی حکومی پەیوەندیداربە بواری ژینگە) لە پلەی دوەمدا گرنگیان بەو بابەتە داوە بەجۆرێک کە گرنگپیدانی (Gav Tv) بەدوبارەبونەوەی ٧ بەرهەمی تایبەت بە (لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە) بوە لە کۆی ٢٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی30.43%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان و لە پێشترە لە کەناڵی(Rudaw web Tv) کە بە دوبارەبونەوەی ٩ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی گرنگیداوە بە (لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە) لە کۆی ٤٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی٢٠% ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

هاوکات هەردوکەناڵی (Kurdsat web Tv) و (Halabja web Tv)ی سامپڵی تویژینەوەکە بە (پلەی سێیەم) گرنگییان بە بابەتی (لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە) وەک بنەمایەکی دامەزراوەیی کلتوری ژینگەیی داوە، هەریەک لە ئاستی خۆی بە ڕێژەی جیاواز، لەو ڕوانگەوە کەناڵی (Halabja web Tv) بە (پلەی سێیەم) دێت لە گرنگیدان بە بابەتی (لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە) بەدوبارەبونەوەی ٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە) لە کۆی ٢٠ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی١٥%ی کۆی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

هەروەها کەناڵی (Kurdsat web Tv) هەمان ئاستی هەیە بەدوبارەبونەوەی ٦ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە (لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە) لە کۆی٤٠ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی٢٠% ی کۆی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

**بڕگەی چوارەم: ئاسایشی ژینگەیی:**

هەرچوار کەناڵەکەی سامپڵی تویژینەوەکە بەپلەی( چوارەم) گرنگییان بە بابەتی (ئاسایشی ژینگەیی) وەک بنەمایەکی دامەزراوەیی کلتوری ژینگەیی، داوە، هەریەک لە ئاستی خۆی بە ڕێژەی جیاواز، لەو ڕوانگەوە کەناڵی

(Rudaw web Tv) بەپلەی یەکەم دێت لە گرنگیپێدانی بە بابەتی (ئاسـایشـی ژینگەیی) بە دوبارەبونەوەی ٦ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی دەربارەی (ئاسـایشـی ژینگەیی) لە کۆی ٤٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی13.95% ی کۆی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکانی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکان.

بەپلەی دوەم کەناڵی (Kurdsat web Tv) گرنگی بە بابەتی (ئاسـایشـی ژینگەیی) داوە بەدوبارەبونەوەی ٤ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (ئاسـایشـی ژینگەیی) لە کۆی ٤٠ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی ١٠%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

هەروەها کەناڵی (Halabja web Tv) بەپلەی سـێیەم هاتوە بۆ گرنگیپێدانی بە بابەتی (ئاسـایشـی ژینگەیی) ئەویش بەدوبارەبونەوەی 1 بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (ئاسـایشـی ژینگەیی) لە کۆی 20 بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تـایبەت بەبنەمـا دامەزراوەییەکـانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکـاتە ڕێژەی5%ی کۆی بەرهەمەکـانی بنەمـا دامەزراوەییەکان.

لەپلەی کۆتایشـدا کەناڵی (Gav Tv) دێت بەدوبارەبونەوەی 1 بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (ئاسـایشـی ژینگەیی) لە کۆی 23 بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دیجیتـاڵی تـایبەت بە بنەمـا دامەزراوەییەکـانی کلتوری ژینگەیی کە دەکـاتە ڕێژەی4.35%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

**بڕگەی پێنجەم: ناوەندە** زانستیەکانی **تایبەت بە ژینگە:**

سـەبارەت بە گرنگیدان بە بابەتی (ناوەندە زانسـتیەکانی تایبەت بە ژینگە) وەک بنەمایەکی دامەزراوەیی ژینگەیی لەو ئاسـتە نزمەی گرنگیپێدان کەهەیەتی (پلەی پێنجەم) ی وەرگرتوە لەناو کەناڵەکاندا، لەو ڕوانگەیەوە کەناڵی (Rudaw web Tv) زیـاتر لەکەنـاڵەکـانی ترو بەپلەی یەکەم گرنگی پێـداوە، ئەویش بەدوبـارەبونەوەی ٥ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (ناوەندە زانسـتیەکانی تایبەت بە ژینگە) لە کۆی ٤٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکـانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکـاتە ڕێژەی 11.63%ی کۆی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکـانی بنەمـا دامەزراوەییەکان.

هـاوکـات کەنـاڵی (Kurdsat)یش بە پلەی دوەم گرنگی بەو بـابەتە داوە، ئەویش بەدوبـارەبونەوەی ٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (ناوەندە زانسـتییەکانی تایبەت بە ژینگە) لە کۆی ٤٠ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی7.50% ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

پاش ئەو کەناڵی(Halabja) دێت بە کە دوبارەبونەوەی ١ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (ناوەندە زانسـتیەکانی تـایبەتبە ژینگە) لە کۆی٢٠ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تـایبەت بە بنەمـا دامەزراوەییەکـانی کلتوری ژینگەیی، گرنگی پێداوە، کە دەکاتە ڕێژەی ٥%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

لەلایەکی ترەوە کەناڵی (Gav Tv) بەدووبارەبونەوەی ١ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (ناوەندە زانستیەکانی تایبەت بە ژینگە) لە کۆی ٢٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بەبنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، گرنگی پێداوە، کە دەکاتە ڕێژەی 4.35% کۆی بەرهەمە تەلەڤیزیۆنییەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

**بڕگەی شەشەم: یاسای ژینگەیی:** سەبارەت بە گرنگیدان بە بابەتی (یاسای ژینگەیی) وەک بنەمایەکی دامەزراوەیی کلتوری ژینگەیی لەو ئاستە نزمەی گرنگیپێدان کەهەیەتی پلەی (پێنجەم) ی وەرگرتوە لەناو کەناڵەکاندا، لەو بارەوە کەناڵی (Halabja web Tv) زیاتر لەوانی تر وبەپلەی یەکەم گرنگی پێداوە، ئەویش بەدووبارەبونەوەی ٢ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (یاسای ژینگەیی) لە کۆی ٢٠ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی١٠% ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامە زراوەییەکان.

هاوکات کەناڵی (Rudaw web Tv)یش بە پلەی دوەم گرنگی بەو بابەتە داوە، ئەویش بەدووبارەبونەوەی ٤ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (یاسای ژینگەیی) لە کۆی ٤٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی(9.30%)ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

پاش ئەو کەناڵی (Kurdsat web Tv) دێت، کە بەدووبارەبونەوەی ٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (یاسای ژینگەیی) لە کۆی ٤٠ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، گرنگی بەو بابەتە داوە، کە دەکاتە ڕێژەی7.50%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

هەروەها کەناڵی (Gav Tv)یش بەدووبارەبونەوەی ١ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دەربارەی (یاسای ژینگەیی) لە کۆی ٢٣ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، کە دەکاتە ڕێژەی4.35%ی کۆی بەرهەمەکانی بنەما دامەزراوەییەکان.

**بڕگەی حەوتەم: ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی:**

لە بایەخدان بە (ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی) وەک بابەتێکی پەیوەست بە بنەمای دامەزراوەیی بونیادی کلتوری ژینگەیی تەنها لە ئاستێکی نزمدا کەناڵی (Rudaw web Tv) بابەخی بەو بابەتە داوە، ئەویش بەدووبارەبونەوەی ٢ بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی پەیوەست بە (ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی) لە کۆی ٤٣ بەرهەمی پەیوە ست بە بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی 4.65%ی بەرهەمەکان، هاوکات سێ کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکانی تری سامپڵی تویژینەوەکە : (Halabja web Tv، Kurdsat web Tv، Gav Tv) هیچ بەرهەمێکی پەیوەست بە (ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی)یان بڵاونەکردۆتەوەو ئەو بابەتە لای ئەوان فەرامۆشکراوەو جێگەی بایەخ نەبوە.

## بەشی چوارەم: هەڵهێنجراوەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم – دەرەنجامی توێژینەوەکە:

توێژەران لە ئاکامی شـــیکاری بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکەو ئەو ئەنجامانەی بەدەستی هێناوە، بەچەند دەرەنجامێک گەیشتوە کە گرنگترینیان بریتین لە:

١. لەڕوانگەی بەرهەمە ژینگەییەکانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەوە ڕادەی بایەخی ژینگەیی لە ئاسـتێکی باشـدایە بەهەڵسـەنگادنی چەندیەتی و جۆریەتی بەرهەمەکان بەجۆرێک کە لەماوەیەکی کەمی سـنوری کاتی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێک بەرهەمی زۆری ژینگەیی پەخشـــکراون، ئەگەرچی بەرهەمەکان تەنها بەمەبەســـتی پەیوەســـتی ژینگەیی پەخشـــنەکرابن و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان لەپێناو مەبەســـتی تردا ئەو بەرهەمە ژینگەییانەیان پەخش کردبێت، بەڵام ئەو بەرهەمانە بونەتە کارتێکەری وەرگر لەبارەی بونیادی کلتوری ژینگەیی و لەو ڕوانگەوە بونەتە کەرەستەی شیکاری توێژەرانیش.

٢. لە ڕوی بابەت و ناوەرۆکی بەرهەمە ژینگەییەکانەوە، بڵاوکردنەوەی دیمەنی سـروشـتی لە کەناڵە تەلەڤیز یۆنە دیجیتاڵیەکانی سـامپڵی توێژینەوەکە دا بەڕێژەی زیاد لە پێشــەوەیە کە ئەگەرچی هەڵگری پەیامی دیکەیە لە کەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکاندا، بەڵام خاوەن ناوەرۆکێکی ژینگەییە بۆ ناســـاندن و بایەخدان بە ژینگە و بونیادی کلتوری ژینگەیی، بۆیە توێژەران دەگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە زۆرجار بەدەر لەخواستی کەناڵەکان بۆ بایەخدان بەژینگە، دیمەنە پەخشکراوەکان بایەخی ژینگەییان دەبێت.

٣. لەنێو بنەماکانی بونیادی کلتوری ژینگەییدا (بنەمای مەعریفی کلتوری ژینگەیی) لە تەلەفزیۆنە دیجیتاڵییەکانی ســـامپڵی توێژینەوەکەدا جێی بایەخی زیاترە بە بەراورد بە بنەماکانی تر، کە ئەمەش وابەســـتەی تایبەتمەندی مەعریفیە بە تەواوی چین وتوێژو کلتورە جیاوازەکانەوەو بەئەرکی ســـەرەکی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیەکانیش دێتە ئەژمار، لەم توێژینەوەیەشـــدا گرنگیدان بە (بنەما مەعریفییەکان) ڕەنگی داوەتەوە، لەنێو بنەما مەعریفییەکانیش بابەتی (گەشـتیاری ژینگەیی) جێی بایەخی زیاتری کەناڵە تەلەڤیزیۆنیەکانە، ئەمەش بۆ سـیمای گەشـتیاری هەرێمی کوردســـتان دەگەڕێتەوە کە گەیاندنی مەعریفەی ژینگەیی بەجۆرێک کۆکەرەوەی بینەرانە لە کەنەڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان لەپیناو پشودان و چێژی گەشتیاری ژینگەییدا، چونکە خواستی خەڵکی ناوخۆ و دەرەوەیە بۆ ئاگایی گەشتیاری ناوچەکەو هەروەها دەبێتە هاندەریان بۆسەردانیکردنی ناوچە گەشتیارییەکان.

٤. ئەگەرچی لەســـەر ئاســـتی گشـــتی گرنگیپێدانی بنەما مەعریفییەکانی ژینگە بەروارد بە هەر بنەمایەکی تر زیاتر جێگەی بایەخە، هاوکات لەسەر ئاستی هەر کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵیش هەمان بنەما جێگەی بایەخەو لەپلەی پێشـــەوەدایە بەڕێژەی جیاواز، بەدوای ئەودا گرنگیدان بە (بەبنەما کۆمەڵایەتییەکان) دێت پاشـــان (بنەما دامەزراوەییەکان)، ئەمەش نیشـــانی دەدات تائێســـتا نەتوانراوە تەنانەت لە ڕێگەی بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵیشـــەوە هۆشـــیاری و گرنگیپێدان بە ژینگە بخرێتە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و لەو بارەوە گرنگی

پێبدرێت، بەڵکو زیاتر مەعریفە بەخشین و بونیادنانی بنەما کۆمەڵایەتییەکان لە پلەی سەرەتای کارکردنی کەناڵەکان لەســــەر ژینگە، دەبینرێت، لەو ڕوانگەوە توێژەران دەگەنە ئەو بڕوایەی کە لەبەرئەوەی (بنەمای دامەزراوەیی) لە ڕوی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنیەوە لە ئاســـتی نزمدایە، کەواتە ئاســـتی هەماهەنگی میدیایی لەنێوان کەنەڵەکان ودامەزراوە ژینگەییە (حکومی و مەدەنی و زانســـتی)ەکاندا لاوازە، هەروەها حکومەت لەڕێگەی میدیای دەســـتەی ژینگەوە وە ک پێویست کاری نەکردوە لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی دامەزراوە ژینگەییەکان، چونکە ئەرکی دەوڵەت زیاترگەشـــەپێدانە بەبنەما دامەزراوەییەکان، لەهەمانکاتدا دەرخەری ئەو ڕاســـتیەشـــە کە میدیای نیشـــتیمانیش- کە یەکێک لە ئەرکەکانی گەشـــەپێدانی ژینگەی نیشـــتمان و دامەزروە ژینگەییەکانە – لە نەبون و لاوازیدایە.

٥. لەنێو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بونیادی کلتوری ژینگەییدا کارکردن لەســـــەر (ڕەفتاری وەرگران لەگەڵ ژینگە)دا جێگەی بایەخی کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکەیە، کە ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە مامەڵەی کلتوری و گەشەپێدانی کلتوری وابەستەی تەواوی بەڕادەی زۆر لەگەڵ ڕەفتاری تاکدا هەیە کە پێویستە کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان زیاتر لە هەمو بابەتەکانی ترگرنگی پێبدەن بۆ گۆڕانکاری کلتوری و بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

٦. لەنێو بنەما دامەزراوەییەکانی بونیادی کلتوری ژینگەییدا کارکردن لەسـەر تەندروسـتی ژینگەیی بایەخی زیاتری پێدەدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وابەســـــتەیی تەندروســـــتی ژینگەیی بەتەواوی تاکەکانی کۆمەڵگاو پێویســـــتی درێژەدان بە ژیان لە ژینگەی کۆمەڵگادا، هەربۆیە کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵییەکان زیاتر بایەخ بەم بابەتە دەدەن و لەڕوی دامەزراوەییشەوە وابەستەیی تەندروستی بە ژینگەوە، وابەستەییەکی بەهێزە.

**دوەم: پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:**

دوای ئەوەی توێژەران لە ڕێگەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی بە چەندین دەرئەنجام گەیشـتن، لەســەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانە چەند پێشـــــنیارێک دەخەنە بەردەم کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکانی ســـــامپڵی توێژینەوەکە، لەوانە:

١. دامەزراوە میدیاییەکان بەگشتی و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان بەتایبەتی، پێویستە خواستی ژینگەیی ورد ترلە بەرهەمە ژینگەییەکانیادا ڕەچاو بکەن، تاکو بتوانن لەسەربنەمایەکی تایبەت کلتوری ژینگەیی بونیاد بنێن.

٢. لەڕوی ناوەرۆکەوە پێویسـتە بەرهەمەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشـتی و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە دیجیتاڵییەکان بەتایبەتی وابەسـتەییان بە ژیانی کۆمەڵگاوە زۆرتربێت، بەجۆرێک پێداویسـتی زانسـتی و مەعریفی ورەفتاری تاک پربکەنەوە بەتایبەت لە بابەتێکی پەیوەستداری وەک ژینگە بەژیانی تاکەکانەوە.

٣. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشــتی و تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بەتایبەتی گرنگی زیاتربدەن بە بنەمای هاوســەنگی لە ڕوی ناوەرۆک و چەندیەتی بەرهەمەکانیانەوە، تاکو بتوانن ناوەرۆکی ژینگەیی زیاترپێشکەش بکەن.

٤. دەزگاکانی میدیا بەگشـــتی وتەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکان بەتایبەتی، لە پلانی کارکردنیاندا گەشـــەپێدانی کلتوری ژینگەیی وەک ئەرکێکی سـەرەکی خۆیان بچەسـپێنن ورۆڵی کارا ببینن لەو بارەوە، ئەویش بە خسـتنەگەڕی ژانری میدیایی جیاوازو پێشکەشکردنی ناوەرۆکی ژینگەیی جیاوازو پڕکارلێکتر.

**سێیەم – ڕاسپاردەکانی توێژینەوە :**

توێژەران لەڕێگەی توێژینەوەکەوە هەندێک ڕاسپاردە ئاڕاستەی توێژەرانی بواری میدیاو ژینگە دەکەن، لەوانە:-

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت لەلایەن توێژەران لەســـەر ڕادەی هاوســـەنگی ناوەرۆکی ژینگەیی لە بەرهەمە میدیاییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا بەگشتی و تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵییەکاندا بەتایبەتی، لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. توێژەران توێژینەوەی زیاترو وردتر لەســـەر(گەشـــەپیدانی کلتوری ژینگەیی) و کاریگەری لەســـەر ژیانســـازی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا، ئانجام بدەن.

٣.گرنگیدانی توێژەران بەوبابەتانەی کە خزمەت بەبونیادنانی ژینگەی تەندروست و ڕێگرییەکانی بەردەمی دەکەن.

٤. خســـتنەڕوی ڕۆڵ و گرنگی پەیامی میدیایی بەگشـــتی و تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەتایبەتی لە ســـەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاک بەرامبەر پرسی مەترسیداری پیسبونی ژینگەیی لەجیهان و ناوچەکەو هەرێمی کودستاندا.

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036 گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین Journal of University of Raparin

# The Extent of Consideration to the Cultural and Environmental Principles by the Digital Televisions in the Kurdistan Region

An Analytical Research On The Environmental Products Of The Digital Televisions In Kurdistan Region

**Hawre Mahmood Rasool[1] - Salam Nasreddi Sulaimani, n Muhammad[2]**

[1+2]Department of Media, College of Human Science, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Digital media is significant in diverse fields of human life, cultural structure in general and environmental culture in particular. It has a special theme in society. This is related to the effects of digital media on the individuals and society in all different areas of human life either negatively or positively. Therefore, taking any field into consideration more than others, it would mean structuring and developing this field by the society.

This paper focuses on the degree of concerning the cultural and environmental principles by the digital televisions in the Kurdistan Region. It aims to determine to what extent have the digital televisions concerned about the principles of cognitive, social and structural principles of environmental culture. For each of these principles, it determines the issues that are dependent on each of these principles and defines the extent of their coverage by the digital televisions of the Kurdistan Region. In order to explain how different environmental contents are in the media products and what environmental issues each of these contents concerned.

The methodology of the current paper is the analytical method to the media products of four digital televisions during a season in three months. The environmental products of the targeted televisions were divided into three groups and several dependent units were analysed for each group.

The research reached several results, the most important among them were the level of caring about the environmental importance was in a good level in terms of evaluating the quality and quantity of their media products during the targeted time of the research. And many environmental products were published within the time of researching. Although the broadcast of the aforementioned environmental products was not only for the purpose of environmental relevance and the channels broadcasted these environmental products for other purposes.

However, these products became the recipient's influence on the environmental cultural structure, as well as the researcher's analysis tools.

**Key Words**: Digital Television, Media Spotlight, Culture, Environment, Environmental Culture.

## سەرچاوەکان


عبدالقادر، ئەمیر ئەحمەد، (٢٠١٦) ، پەروەردەی ژینگەیی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

عوسمان ، حسێن ، بەختیارعبدالله ، شوان معروف ، (٢٠١٣) ، پرۆگرامی یانەی ژینگەیی، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

تالیب ، جەزا توفیق ، ( ٢٠٢٠) ، ژینگە لە نێوان کێشەو ململانێ و پاراستنیدا، سلێمانی.

حەسەن ، عومەر، عەبدولا، هێمن مەجید ، کامل ، سەنگەر حوسام ، ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی بەرپرسیتی ژینگەیی هەرێمی کوردستاندا، (٢٠١٩) ، توێژینەوەیەکی زانستی بڵاوکراوەیە، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی : یەحیا عومەر ڕێشاوی، توێژینەوەی میدیایی – زنجیرە توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە لەبارەی ڕاگەیاندن ورۆژنامەگەری کوردی، ڕێکخراوی چاودێری میدیای کوردی، سلێمانی، کوردستان.

الرفاعي ، احمد حسين ، (2007) ، مناهج البحث العلمي، تطبيقات إدارية واقتصادية، ط5، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان.

الدليمي، أياد هلال حمادى، (٢٠٢٠) ، الشبكات الإذاعية والتلفزيۆنية و شبكات التواصل الإجتماعي – وظيفة إخبارية أم ترف إعلامي، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان، المملكة الأردنية الهاشمية.

ابراهيم ، أيسر خليل ، (٢٠١٥) ، اهتمام الإعلام العربي بالقضايا البيئية، الصحف العربية بين واقع المشكلة وتطبيق الحلول، دار أمجد للنشروالتوزيع، عمان، الأردن.

التعليمية ، الوحدة ، (٢٠٢٠) ، وسائل الاتصال الإلكترۆنية – الإذاعة والتلفزيون، الوحدة التعليمية الحادية عشر.

للبيئة والتنمية، اللجنة العالمية ، مستقبلنا المشترک، ترجمة: محمد كامل عارف، (بدون سنة النشر) ضمن سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والأدب، عالم المعرفة، ١٤٢، كويت.

بشير ، هشام ، (٢٠١١ )، حماية البيئة في ضوء أحكام القانون الدولي الانساني،المركز القومي للإصدارات القانونية، القاهرة.

سبع ، هشام ،(٢٠١٥) ، دور المجتمع المحلي في المحافظه على البيئة من التلوث، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، عمان.

عابد ، أبو السعيد ، زهيرعبداللطيف ، أحمد العابد ،(٢٠١٤) ، الإعلام والبيئة بين النظريه والتطبيق، الطبعة العربية، دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع، عمان،الأردن.

التميمي ، مدين عمران ، (٢٠٢٠) ، الإعلام الجديد والشباب، دار أمجد للنشر والتوزيع، عمان، المملكه الأردنية الهاشمية.

أبو سمرة ، محمد ، (٢٠١٠) ، الإعلام الزراعي و البيئي، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان، الأردن .

الصيرفي ، محمد ،(٢٠١٦) ، البيئة السياحية – سلسلة سياحية، مؤسسة حورس الدولية، الإسكندرية، مصر.

الرفاعي ، محمد خليل ، (٢٠١٠ –٢٠١١) ، موضوع خاص في الصحافة، منشورات جامعة دمشق، مركز التعليم المفتوح، قسم الإعلام، الجمهورية العربية السورية .

سلوم ، محمد غسان ، (٢٠١٣-٢٠١٤ ) ، سهيل نادر، علم البيئة النباتية (الجزء النظري)، منشورات جامعة دمشق - كلية العلوم .

الجندي، ممدوح رضا، (٢٠١٩) ، الإذاعة والتلفزيون و وسائل الإعلام الحديثة، دار الراية للنشروالتوزيع، عمان، المملكة الأردنية الهاشمية.

الدليمى، عبدالرزاق، (٢٠١٩) ، افاق الإعلام في القرن الحادى والعشرين، دار اليازورى العلمية للنشروالتوزيع، عمان، الأردن .

كنعان، على عبدالفتاح، (٢٠١٤) ، الاعلام البيئي، دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع، عمان، الأردن .

دواجى، كريم ، ( سبتمبر ٢٠١٦ - جوان ٢٠١٧) ، الإعلام البيئي التلفزيوني ونشر الثقافة البيئية، دراسة وصفية تحليلية لعينة من برنامجي – بيئتنا - بالتلفزيون الجزائري و - Mag Green- بالشروق تيفي TV، اطروحة دكتوراه منشورة، قسم علوم الإعلام، كلية علوم الإعلام والاتصال،جامعة الجزائر ٣، ضمن الموقع الرقمي:

https://dspace.univ-alger3.dz/jspui/bitstream/1/1525/123456789/%D8%AF.1105.070.pdf٢٠١٧ .

النتشة، منى عمران، (٢٠٠٦)، أثر استخدام انشطة في التربية البيئية في تنمية الوعي البيئي لدى طلبة الصف السادس في محافظة القدس، رسالة ماجستيرمنشورة الكترونيا، كلية الدراسات العليا ، جامعة بيرزيت Birizeit University ، فلسطين.

ابراهيم ، يسرى خالد، ( حزيران- ايلول ٢٠١٠) ، التلفزيون الرقمي والتلفزيون التفاعلي تقنيات عملية الاتصال وتطورها، دراسة نظرية في بنية الاتصال الحديثة، بحث علمى، مجلة الباحث الإعلامى، عدد (١٠)، بغداد، العراق، عبر الموقع الرقمي :

https://www.iasj.net/iasj/download/55387c95611

الموقع ، أدمين ، (٢٠٢٢/١/١٥) ، المسؤولية الفردية للحفاظ على البيئة،ضمن الموقع: https://www.feedo.net/Environment.

القاسم ، نهاية ، (٢٠٢٢/١/١٨.، )المواطنة البيئية في العقبة، ضمن االموقع الرقمي: https://alanbatnews.net/article .

أعمر ، احمد ، عزاوى ، لعمي ، (٢٠٢١/٢/٥)، الثقافه البيئية بعد ستراتيجى لحماية البيئة، عبر الموقع:

https://iefpedia.com/arab/wp-content/uploads/ 2012/ 11

عجاج، صلاح عبد المحسن ، (٢٠٢٢ /١/٢١)، تنمية القيم البيئية ومناهج العلوم، ضمن الموقع: مدونة الدكتور صلاح عبد المحسن عجاج التربوية: https://drsalahagag.blogspot.com/٢٠١٤ /٣٥/١١.html

- مولود ، لقمان رحمن ، (زمستان ١٣٩٩ شمسى)، بررسى نگرش شهروندان نسبت به نقش تلويزيون در آگاهى بخشى در زمينه حفاظت محيط زيست، پايان نامه كارشناسى ارشد، رشته مديريت رسانه، دانشگاه پيام نور، غير مطبوع .

- Kennedy, Jessica, Kennedy, Jessica (10 February 2012) , Social TV on the rise". B&T Online. Archived from the original on 30 December 2012, Retrieved 16 February 2012.

- M.pollacct , Sadke, D.Miller , M.pollacct And Sadker , D.Miller, (2003), Teachers, Schools, And Society,Mc Graw Hill, 6th Edition, USA .

- Jalaladeen , Rahim, Jwan , Mariwan ،( August 2021) The Role of Social Media on Environmental Awareness of Undergraduate Students in University of Sulaimani in Iraq, Iraq Al-Sulaymaniyah, Published research , مجلة الفنون والادب و علوم الانسانيات والاجتماع:Journal of Art, Literature, Humanities and Social Sciences , number (10) .

---

[i] - پ. د. ئیبراهیم سەعید فەتحولا، ڕاگەیاندن، تەلەڤیزیۆن، زانکۆی سلێمانی .
- پ. ی. د. سەمیرە محمد ساڵح، ئامار، زانکۆی سلێمانی.
- پ. ی. د. حەکیم عوسمان حمید، ڕاگەیاندن، تەلەڤیزیۆن، زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی.
- پ. ی. د. سادق حمە غەریب، ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- پ.ی. د. هاوری یاسین محمدامین، ژینگە، زانکۆی سلێمانی .
- پ.ی. د. شیرکۆ جەبار محەمەد، ڕاگەیاندن، تەلەڤیزیۆن، زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی .
- پ.ی. د. بەهات حەسیب قەرەداغی، ڕاگەیاندن، تەلەڤیزیۆن، زانکۆی پۆلۆتەکنیکی هەولیر .
- پ.ی. د. کاروان محەمەد حەسەن، ڕاگەیاندن، تەلەڤیزیۆن، زانکۆی سلێمانی.
- پ. ی. د. جوان بهاالدین علی، ڕاگەیاندن ، تەلەڤیزیۆن، زانکۆی کۆیە.